Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

**Journal of University of Garmian**

https://doi.org/10.24271/garmian. . Conf-2019-14

# دیارترین ئاڵەنگارییەکانی بەردەم خێزان
# لە کۆمەڵگەی کوردستان و دیدی ئیسلام بۆ چارەسەرکردنیان

لقمان صمد خضر

زانکۆی سەلاحەدین/ کۆلێژی زانستە ئیسلامیەکان/ بەشی خوێندنی ئیسلامی

***Article Info***

Received: May , 2019

Accepted: October , 2019

Published : April, 2022

***Keywords***

خێزان، پەروەردە، ئاڵەنگاری

***Corresponding Author***

luqmanbradosty@gmail.com

**پوختە**

خێزان قوتابخانەی پێگەیاندنی هەموو تاکەکانە و گەورەترین مەڵبەندی پەروەردەکردنیشە، بۆ ئەوەی تاکێکی بەسوود و بەهرەمەند و کارامە بەرهەمبێت، دەبێت گرنگی بەخێزان بدرێت و ڕۆڵ و کاریگەری بۆ بگەڕێنرێتەوە و بکرێتە چەقی پەروەردە و پێگەیاندن لە ناو کۆمەڵگەدا، ئەمەش لەپێناو پەروەردەکردنێکی دروستی تاک و پاراستنی کۆمەڵگە.

لە ئێستادا خێزانی کوردی بەشێوەیەکی گشتی لە بوارێکی ناهەموار و شپرزەدایە و زۆرێک لە ئەرک و ڕۆڵی سەرەکی خۆی لەدەستداوە، کە بریتیە لە پەروەردە و پێگەیاندن و فێرکردن و پێشکەشکردنی تاکێکی باش بە کۆمەڵگە، لەدەستدانی ئەم ڕۆڵەش مەترسی و قەیرانێکی گەورەیە و پێویستی بە چارەسەرکردن هەیە.

لەم توێژینەوەیەدا تیشک خراوەتە سەر ئاڵەنگارییەکانی بەردەم خێزان لە کۆمەڵگەی کوردستانی، ئەو ئاڵەنگاریانەی پێویستە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان خێزانەکان ئامادەبن و نەکەونەژێر شاڵاو و هەژموونییانەوە، هەروەها بەکورتی باس لە دیدی ئاینی پیرۆزی ئیسلام کراوە سەبارەت بەم ئاریشانە و دید و چارەسەری پێویستیان بۆ خراوەتە ڕوو. لە توێژینەوەکەدا ئاڵەنگارییەکان پۆلێن کراون بەسەر سێ ئاستی جیاوازدا، ئاستی جیهانی و هەرێمی، ئاستی کۆمەڵگەی کوردستانی، ئاستی ناو خودی خێزان لە کوردستاندا، ئەمەش لە پێناو باشتر ڕوونکردنەوە و شیتەڵکردنی زانستیانەی باس و بابەتەکانی ناو توێژینەوەکەدایە.

## پێشەکی

بەناوی خوای گەورەی میهرەبان، درود و سڵاوی خودا لەسەر گیانی پاکی پەیامبەری ئیسلام موحەممەد و یار و یاوەرانی تا ڕۆژی دوایی، ئاشکرایە خێزان یەم و گرنگترین قوتابخانەی پەروەردەیی مرۆڤە، بۆیە هەرکات خێزان ڕوبەڕوی کێشە و گرفت و ئاریشەو ئاڵەنگاری بویەوە کۆمەڵە بەرە و دارمان دەڕوات، لە دونیای ئیمڕۆیشدا خێزانەکان ڕوبەڕوی دەیان گرفت و کێشەی گەورە بونەوە کە ئەگەر چارەسەری گونجاویان بۆ نەدۆزرێتەوە کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەرە و ئاقارێکی نەخوازرا و دەبەن، لە ئێستادا خێزانی کوردی بەشێوەیەکی گشتی لە بوارێکی ناهەموار و شپرزەدایە و زۆرێک لە ئەرک و ڕۆڵی سەرەکی خۆی لەدەستداوە، کە بریتیە لە پەروەردە و پێگەیاندن و فێرکردن و پێشکەشکردنی تاکێکی باش بە کۆمەڵگە، لەدەستدانی ئەم ڕۆلەش مەترسی و قەیرانێکی گەورەیە و پێویستی بە چارەسەرکردن هەیە.

لەم توێژینەوەیەدا تیشک خراوەتە سەر ئاڵەنگاریەکانی بەردەم خێزان لە کۆمەڵگەی کوردستانی، ئەو ئاڵەنگاریانەی پێویستە بۆ ڕووبەڕووبونەوەیان خێزانەکان ئامادەبن و نەکەونەژێر شاڵاو و هەژموونییانەوە، هەروەها بەکورتی باس لە دیدی ئاینی پیرۆزی ئیسلام کراوە سەبارەت بەم ئاریشانە و دید و چارەسەری پێویستیان بۆ خراوەتە ڕوو. لە توێژینەوەکەدا ئاڵەنگاریەکان پۆلێن کراون بەسەر سێ ئاستی جیاوازدا، ئاستی جیهانی و هەرێمی، ئاستی کۆمەڵگەی کوردستانی، ئاستی ناو خودی خێزان لە کوردستاندا، ئەمەش لە پێناو باشتر ڕوونکردنەوە و شیتەڵکردنی زانستییانەی باس و بابەتەکانی ناو توێژینەوەکەدایە.

- تەوەرەی یەکەم:

### پێگەی خێزان و ڕۆڵی لە دروستکردنی نەوەکان:

بەڵگە نەویستە کە لەگەڵ دروستبوونی مرۆڤدا، بەشێوەی جیاواز و لە فۆرمی جیا جیادا خێزانیش سەریهەڵداوە و بووە بە یەکەم مەڵبەندی پێگەیاندن و دروستکردنی تاک لە نێو کۆمەڵگەکاندا، بە تێپەڕبوونی کات و جیاوازی شوێنەکان خێزان گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە و لە یەک فۆرمدا نەماوەتەوە، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەو گۆڕانکاری و ستایلە جیاوازنە، خێزان هەر بایەخی خۆیی هەبووە و لە هیچ کۆمەڵگەیەکدا نەتوانراوە جێگرەوەیەک بۆ خێزان دابنرێت، هەرچەندە لە زۆر کۆمەڵگەدا ڕۆڵی کەمکراوەتەوە و پێگەی نادیدە گیراوە و هەوڵی نەهێشتنی دراوە، بەتایبەتی لە وڵاتە ئەوروپیەکاندا[1].

گومان لەوەدا نییە مێژووی مرۆڤایەتی ئەوەی بۆ سەلماندووین کە سەرکەوتن و پێشکەوتنی هەر گەلێک پەیوەستە بە جوان پەروەوەردەکردن و باش پێگەیاندنی تاکەکانی کۆمەڵگەکەی، کە ئەمەش لە ڕێگەی خێزانەوە سەرچاوە دەگرێت، لە نەبوونی خێزان و پەروەردەیەکی تەندروستدا کۆمەڵگە بەرەو نەمان و هەرەس هێنان دەچێت، سەرەنجام ئەمەش دەبێتە هۆی ڕوخان و لەناوچوونی گەلان و دەسەڵاتیان، بۆیە یەکەم وێستگە و سەرەکیترین لانەش بۆ پەروەردە بریتیە لە خێزان، ئەو تاکانەی لە ڕێگەی خێزانەوە بە جوانی پەروەردە دەکرێن و چاودێری دەکرێن هەمیشە تاکێکی بەسوود دەبن بۆ کۆمەڵگەکانیان، بەڵام ئەو تاکانەی لە نێو خێزان بەجوانی پەروەردە ناکرێن، یاخود تووشی هەڵوەشانەوەی خێزان بوون زۆربەی کات دەبنە قوربانی و ناتوانن ژیانێکی باش بەرێبکەن و گیرۆدەی دەیان گرفت دەبن، هەروەها دەبنە مایەی کێشەو گرفتیش بۆ کۆمەڵگەکانیان.

خێزان لە وڵاتە ئەوروپییەکاندا بەرە و هەڵوەشانەوە و لەناوچوون دەچێت و بەڵکو لە زۆربەی وڵاتان خێزان تەنها وەک ناو ماوەتەوە و ئەگەرنا لە ناوەڕۆکدا شتێک نەماوە بەناوی خێزانەوە، ئەمەش دەرەنجامی کۆمەڵێک فاکتەر و ویستی خودی ئەو کۆمەڵگایانە بووە، کە سەرەنجام بە تێکچوونی شیرازەی خێزان و نەمانی پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانیان تووشی گرفتی خێزانی و کۆمەلایەتی زۆر بوون.

بەشێکی زۆری خەڵکانی ئەو وڵاتانە ئامادەیی ئەوەیان تیدا نییە ئەرک و بەرپرسیارەتی خێزان بگرنە ئەستۆ، بە گوێرەی سەرژمێریەک لە وڵاتی فەرەنسا لە ساڵی (١٩٩٧ز)دا دەڵێت لە ٣٠% پەیوەندی و بەیەکەوەژیانی نێوان پیاوان و ئافرەتان بەبێ بوونی هاوسەرگیریە و هیچ گرێبەستێک لە نێوانیاندا نییە[2].

### کاریگەری خێزان لە لەسەر تاکەکان:

زانایانی بواری پەروەردە کۆکن لەسەر ئەوەی خێزان کاریگەریەکی گەورەی هەیە لە سەر تاکەکانی ناوی، هەروەها ئەو شتانەی منداڵ دەیبینێت لە نێو خێزاندا هەوڵی لاساییکردنەوەیان دەدات و دواتر ئەو ڕەفتارانە هەموو کات دووبارە دەکاتەوە و دەبنە خوو لە منداڵدا و جێگە دەگرن لە دەروونیدا و هەمیشە لە خەیاڵ و هەستیدا دەمێننەوە، بۆیە خێزان یەکەمین و گرنگترین مەڵبەند و لانەی پەروەردەکردنە و تێیدا منداڵ فێری ڕەفتار و ئاکار و شتەکانیتریش دەبێت.

خێزان لە چەند لایەکەوە منداڵ ئامادە دەکات بۆ نێو کۆمەڵگە، کە دەکرێت بڵێین گرنگترین ئەرکەکانی خێزان ئەمانەن:

١. پەروەردەکردنی تاکەکانی ناو خێزان. گەورەترین ئەرک و بەرپرسیارەتی خێزان بریتییە لە پەروەردەکردنی ئەندامەکانی بەشێوەیەکی تەندروست لە هەموو ڕوویەکەوە. گەورەترین ئەمانەتێک لەسەر شانی دایکان و باوکان بریتییە لە جوان پەروەردەکردن و پێگەیاندنی منداڵەکانیان.

٢. ڕێکخستنی ڕەفتاری تاکەکان، چونکە تاک لە خێزانەوە فێری بەشی هەرە زۆری ڕەفتار و ئاکارەکان دەبێت و ئەوان دەبنە سەرمەشق و پێشەوای ئەو لە کار و ڕەفتارەکانیدا[٣] .

٣. بەخشینی تاکی نوێ بە کۆمەڵگا و ڕەخساندنی هەلی ژیان بۆ منداڵەکان و، ئامادەکردنیان بۆ بەشداریکردن و هاتنە نێو کۆمەڵگە، بەشێوەیەکی گونجاو و تەواو.

٤. فێرکردن و ڕاهێنانی منداڵان بەشێوەیەک بتوانن ژیانێکی سەربەرزانە بەڕێبکەن و تووشی گرفت نەبن.

٥. پێشکەشکردنی پشتگیری دەروونی و دارایی بۆ تاکەکانی نێو خێزان، کە ئەمەش زۆر گرنگە چونکە منداڵ و کەسی تازەپێگەیشتوو زۆر پێویستی بەم پشتگیریە هەیە[٤] .

٦. پەروەردەکردنی منداڵ لە لایەنەکانی دەروونی و جەستەیی و هزری و ڕۆشنبیری و کولتوریەوە، تەنانەت ئەرکی خێزانە منداڵ شارەزا بکەن و تێیبگەیەنن لە بوارەکانی غەریزە و خواستە جیاوازەکانی مرۆڤەوە.

ئاینی پیرۆزی ئیسلام و خێزان:

لە دروستبوونی بوونی مرۆڤەوە کە لە باوکمان (ئادەم) و دایکمان (حەوا)وە دەستپێدەکات، پرۆسەی هاوسەرگیری و دروستکردنی خێزانیش دەستیپێکردووە ((ٱيَا أَيُّهَا النَّاسُ اتَّقُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ مِنْ نَفْسٍ وَاحِدَةٍ وَخَلَقَ مِنْهَا زَوْجَهَا وَبَثَّ مِنْهُمَا رِجَالًا كَثِيرًا وَنِسَاءً وَاتَّقُوا اللَّهَ الَّذِي تَسَاءَلُونَ بِهِ وَالْأَرْحَامَ إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلَيْكُمْ رَقِيبًا[٥])) . خوای گەورە دروستکردنی هاوسەر و خێزانی وەک بەڵگەیەک لە بەڵگە گەورەکانی خۆی ناوبردووە ((وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ[٦])) .

ئاینی پیرۆزی ئیسلام گرنگیەکی تەواوی داوە بە خێزان و جەختی لەسەر گرنگی دروستکردنی کردۆتەوە و تاکەکانی هانداوە بۆ پێکهێنانی، کۆمەڵگەشی بانگکردووە بۆ ئاسانکردنی ڕێگەکانی دروستکردنی خێزان بۆ تاکەکان.

بەپێچەوانەوەی هەندێک لەو ئاینانەی بانگەشەیان دەکرد بۆ دوورکەوتنەوە لە هاوسەرگیری، ئاینی پیرۆزی ئیسلام هانی تاکەکانی داوە بۆ هاوسەرگیری کردن، بەتایبەتی پێغەمبەری ئیسلام بانگی لە گەنجان کردوە بۆ هاوسەرگیری و فەرموویەتی: (يا معشر الشباب من استطاع منكم الباءة فليتزوج، فإنه أغض للبصر، وأحصن للفرج[٧]...) .

ئیسلام خێزان وەک لانەی دروستکردنی تاکی باش و بەسوود سەیر دەکات، بۆیە گرنگی زۆری بە دروستکردنی خێزان داوە و هەنگاوەکانی دروستکردنی خێزانێکی تەندروستی ڕونکردۆتەوە و بنەما و بنچینەکانی خێزانی بەختەوەری دیاریکردووە.

هەر لەبەر گەورەیی خێزانە ئاینی پیرۆزی ئیسلام گرنگی بە هەموو لایەنەکانی ئەم بوارە داوە و ئەحکامەکانی ڕونکردوونەتەوە و چەندان ئایەت و فەرموودە هەن لەسەر بابەتی خێزان و ڕەهەندە جیاوازەکانی، ئەمەش لەپێناو پاراستنی خێزان و بەدیهێنانی مەبەستەکانیدایە.

زانایانی ئیسلامیش چەندان دانراویان لەسەر بابەتە جیاواز و ئەحکامەکانی تایبەت بەخێزان داناوە، لەنا و هزر و فیقە و پەروەردەی ئیسلامی، خێزان پانتایەکی گەورە و فراوانی گرتووە. هەموو ئەمانەش دەرخەری گەورەی و گرنگی خێزانن لە ڕوانگەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە.

ئاینی پیرۆزی ئیسلام بەدەر لەوەی هێڵە گشتیەکانی پرۆسەی هاوسەرگیری و خێزانی بۆ دیاریکردووین، بەشی هەرە زۆری پێوەر و ڕێنمایی و پێداویستیەکانی سەرکەوتنی هاوسەرگیری و بەردەوامبوونی خێزانیشی بۆ دیاریکردووین و وردەکاری ئەم پرۆسە گرنگەی بۆ ڕونکردووینەتەوە، ئەمەش لەپێناو پاراستنی هاوسەرگیری و بەردەوامبوونی خێزان و پێگەیاندنی تاکی بەسوود و ئامانجدار لەناو کۆمەڵگەدا. ئاینی پیرۆزی ئیسلام داوا لە تاکەکان دەکات هاوسەرگیری بکەن و بەردەوامی بە کەشتی ژیان بدەن، بەڕێگا دروستەکەی کە بریتیە لە هاوسەرگیری و دروستکردنی خانە و لانەی نوێ لە ناو کۆمەڵگەدا، لەبەر ئەمەش داوای لە هەموو لایەک کردووە کە یارمەتیدەر و پشتیوانی گەنجان بن و پرۆسەی دروستکردنی خێزانیان بۆ ئاسان بکەن و نەبنە ڕێگر لەبەردەم ئەم پرۆسە پیرۆزەدا، ئەمەش لە پێناو بەردەوامبوونی ژیان و هاتنە دونیای تاکی نوێوە.

○ تەوەرەی دووەم:

ئاڵەنگاریە جیهانی و هەرێمییەکان و کاریگەریان لەسەر خێزان:

ئاشکرایە جیهان لە ئێستادا وەک لادێیەکی بچوکی لێهاتووە و دووری نێوان وڵاتەکان نزیکبۆتەوە و کاریگەریان بەسەر یەکترەوە زیادبووە، دانیشتووانی جیهان بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە لە یەکتر نزیکبوونەتەوە و پەیوەندییە کولتوری و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان بە ئاسانی دەگۆڕنەوە و دەکەونەژێر کاریگەری یەکترییەوە.

جیهانی ئەمڕۆ جیهانی پەیوەستبوونە بە شتە ڕووکەشەکان و نەمان و دوورکەوتنەوەیە لە بەها کۆمەڵایەتی و ڕۆحییەکان، زاڵبوونی هەژموونی مادیی بەسەر هەموو جومگەکانی بیر و هزری تاکی ئەمڕۆ، مرۆڤەکانی خستۆتە بەردەم دووڕیانێکی مەترسیدارەوە، کە خۆی دەبینێتەوە لە نەمانی خۆشەویستی و بەها کۆمەڵایەتییەکان و سستبوونی لایەنی ئاینپەروەری و دوورکەوتنەوە لە خێزان و زاڵبوونی بیری خودپەرستی و گوێنەدان بە بەها مرۆییەکان، تاک بەگشتی و خێزان بەتایبەتی لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا لەبەردەم کۆمەڵێک ئاڵەنگاری دەرەوەی کۆمەڵگەکەی خۆیدایە، کە بەهۆی جیهانگیرییەوە ڕوویانکردۆتە خێزانەکان و بەرۆکیان گرتوون. خێزانی کوردیش کە بەشی هەرەزۆری وابەستەی بنەما ئاینییەکانن و ڕێنماییەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام پەیڕەو دەکەن، لەم ئاڵەنگاریانە بەدەر نین، پێویستە هەڵوەستە لەسەر ئەم ئاڵەنگاریانە بکەین و، دیدێکی گونجاو بۆ مامەڵەکردن لە تەکیاندا دابنێین.

مەبەستمان لە ئاڵەنگارییە جیهانی و هەرێمییەکان ئەو ئاڵەنگارییانەیە کە لە دەرەوەی کۆمەڵگەی کوردستانەوە سەرچاوە دەگرن و ڕەهەندێکی جیهانی یان کیشوەری یاخود هەرێمی وەردەگرن و تایبەت نین بە کۆمەڵگەیەکی دیاریکراوەوە، بەهۆی جیهانگیرییەوە چەندان ئاڵەنگاری ڕووبەڕووی بەشێکی زۆری کۆمەڵگەکان بوونەتەوە، بەتایبەتی کۆمەڵگەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، چونکە هەمیشە ئەوان لەژێر هەژموونی وڵاتانی زلهێزدا دەژین.

زۆرن ئەو ئاڵەنگاری و گرفتە دەرەکیانەی – جیهانی و هەرێمییانەی- کە ڕووبەڕووی خێزانی کوردستان دەبنەوە و دەبنە هۆی تێکدان و لەناوچوونی خێزان، کە ئێمە لێرەدا بەکورتی باس لە دیارترینیان دەکەین :

## یەکەم: شاڵاوی هزری و رۆشنبیری و کولتوری:

شاڵاوی هزری و رۆشنبیری و کولتوری گەورەترین مەترسیە ڕووی کردۆتە خێزان و کۆمەڵگە، بەتایبەتی کۆمەڵگە موسڵماننیشینەکان، لەناویشیاندا کۆمەڵگەی کوردستان، لە راستیدا وڵاتە زلهێزەکان لەوە تێگەیشتوون کە هێزی سەربازی و داگیرکاری ناتوانێت ئامانجی گەورەی خۆی بپێکێت و هەژموونی ئەو وڵاتانە زاڵبکات بەسەر وڵاتانی موسڵمانیشین و هەژاردا، بۆیە بیریان لە ڕێگەیەکی ئاسانتر کردەوە کە هەم تێچووی کەمترە و هەمیش کاریگەری زیاترە، ئەویش بریتیە لە ڕێگەی شاڵاوی هزری و رۆشنبیری و کولتوری و کۆمەڵایەتی و رامیاری و ... هتد..

ئەوان لە ڕێگەی ئەم شاڵاوانەوە سەرەتا لەلایەنی هزریەوە کار لەسەر خێزان و تاکەکان دەکەن، ئاوەزیان دەگۆڕن و دەماغیان دەشۆنەوە و دڵیان سارد دەکەنەوە، ئینجا دوای ئەوە هەوڵدەدرێت بۆ ڕووخاندنی لایەنی ڕەوشت و کولتور و فەرهەنگ و داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و گشتی، هەموو ئەمانەش لەژێر چاودێری کەسانی پسپۆڕ و دەروونناسدا جێبەجێ دەکرێن بە یارمەتی و لەژێر سەرپەرشتی دەزگا هەواڵگیریەکانی وڵاتانی زلهێزدا[٨] .

بەجۆرێکیتر شاڵاوی هزری بریتیە لە دووبارە دارشتنەوە و بنیاتنانەوەی ژیان و ژیار و ڕۆشنبیری و دامەزراوەکان لەسەر بنەمایەکی خۆرئاوایی، بەجۆرێک کە قوتابخانە هزری و فەلسەفیە خۆرئاواییەکان ببنە نموونەی باڵای تاک و خێزانەکان و، بەکەم و سووک سەیرکردنی کولتور و داب و نەریتە کۆمەڵایەتیەکانی وڵاتانی خۆیان و شوێنگرتنەوەی بە کولتور و داب و نەریتی بێگانە، هەروەها هەوڵدان بۆ ئەوەی میتۆد و پرۆگرامی خوێندن لەسەرجەم ناوەندەکانی خوێندندا بەجۆرێک بێت لەسەر بنەمای ڕوانین و هزری خۆرئاواییانە سەرچاوە بگرێت، هەروەها گۆڕینی ستایلی ژیانیان، لە شێوازی بەرگپۆشین و خواردن و خواردنەوە و رەفتار و هەڵسوکەوتی رۆژانەیان و ... هتد[٩] .

لە ئێستادا بەهۆی ئەو دواکەوتوویەی لە وڵاتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بەتایبەتیتر هەندێک وڵاتانی ئیسلامیدا هەیە لە ناویشیاندا عێراق و هەرێمی کوردستان، خێزان و تاکەکانی کەوتوونەتە بەر لێشاوی ئەم شاڵاوە هزری و ڕۆشنبیری و کولتوریە و تیایدا خێزانەکان خەریکە دەبنە قوربانی ئەم شاڵاوە گەورەیە و بەرەو لێکترازان و دابران و هەڵوەشاندنەوە دەچن، بەجۆرێک خێزان و تاکەکانمان مەستبوون و هەمیشە خەون بەو وڵاتە زلهێزانەی جیهانەوە دەبینن و بەهەموو شێوەیەک هەوڵی لاساییکردنەوەیان دەدەن، بەبێ جیاکردنەوەی باش و خراپی ئەوەی لەو وڵاتانە دەگوزەرێت.

ئەم کەوتنەژێر هەژموونی وڵاتە زلهێزەکان وای لە خێزانەکان کردووە بەشی هەرە زۆری کولتور و داب و نەریتی خۆیان نادیدە بگرن و پشتی تێبکەن و بە هۆکاری دواکەوتن و هەژاری و نەهامەتیەکانی بزانن، ئەمەش بیرکردنەوە و پەتایەکی مەترسیدارە، چونکە هەر کەسێک واز لە رۆشنبیری و کولتور و داب و نەریتی خۆی و کۆمەڵگە بێنێت تووشی گرفت و کێشەی زۆر دەبێتەوە، دەکەوێتە ناو دۆخێکی دژەوانەوە، نە دەتوانێت وەک ئەوروپیەکان بژیەت و نە رازیشە لەو دۆخەی لە وڵاتی خۆیدا هەیە، بۆیە هەمیشە لە دۆخێکی ناهاوسەنگ دەژێت و دەبێتە کەسێکی دوژمن بە تاک و کۆمەڵگەکەی.

یەکێک لە گرنگترین و مەترسیدارترین ئەو ڕێگایانەی لێیەوە هێرشی هزری دەکرێتە سەر موسڵمان و خێزانی موسڵمان بریتیە لە دەستکاریکردنی پرۆگرامەکانی خوێندن، بەجۆرێک کە پرۆگرامەکان یەکانگیرین لەگەڵ بیرکردنەوە و فەلسەفەی ئەوروپی و تیۆرەکانی، هەروەها لە ڕێگەی نەهێشتن و کەم بایەخکردنی وانەی

ئاینی ئیسلامەوە لە قوتابخانەکاندا، تەنانەت دەیانەوێت ئەو کەمە وانەیەش نەهێڵن، بۆ ئەوەی هیچ بوارێک نەبێت بۆ ئەوەی قوتابی لە ڕێگەی قوتابخانەوە فێری ئاین و ڕەوشتی ئیسلامی ببێت[١٠].

ئاینی پیرۆزی ئیسلام جەختیکردۆتە سەر پاراستن و هێشتنەوەی تایبەتمەندی و داب و نەریتی باش و گونجاوی کۆمەڵگا و، ڕەچاوی تایبەتمەندی و شێوازی ژیانی گەلانی کردووە، ڕێزی لە بۆچوون و جیاوازیە مرۆییەکان گرتووە، بەو مەرجەی دژ نەبێت لەگەڵ بەها باڵا و بنەما ئەخلاقیەکان، بۆیە هێشتنەوە و پاراستنی کۆمەڵگە و خێزانەکان لە دەرهاویشتە خراپەکانی جیهانگیری و شاڵاوی هزری و کولتوری و ڕۆشنبیری ئەرکی هەموو تاکێکە. ئیسلام هەموو لایەنە باشەکانی وڵاتان و شارستانیەکان وەردەگرێت و قەبوڵیان دەکات و سوودیان لێوەردەگرێت، دوای ئەوەی فلتەریان دەکات و لە تەرازوییان دەدات، کامەی گونجاوبوو وەریدەگرێت و ئەوەشی نەگونجاو بوو ڕەتی دەکاتەوە.

لێرەوە پێویستە کۆمەڵگەی کوردستان و خێزانەکان هۆشیارانە مامەڵە بکەن و نەکەونە ژێر کاریگەریە نەرێنییەکانی ئەو شاڵاوە هزری و کولتورییەی لە دەرەوەوە دێت، بەڵکو دەبێت ڕەسەنایەتی هزری و کولتوری کۆمەڵگەکەمان پارێزراو بێت.

## دووەم: میدیا و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن:

بێگومان ئامڕازەکانی پەیوەندی و گەیاندن بە هەموو جۆرەکانیەوە، بە تایبەتی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، زۆرترین کاریگەریان هەیە لەسەر تاک و خێزان، کەناڵەکانی ڕاگەیاندن زۆربەیان لە ئێستادا جیهانین و سنووری لۆکاڵی بوونیان تێپەڕاندووە، زۆربوونی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و هەمەجۆربوونی بابەتەکانیان و نەبوونی کەس و لایەنی پسپۆڕ و دڵسۆز لە پشتیانەوە، گەورەترین زیانی داوە لە خێزان و بەرەو هەڵوەشاندنەوە و شپرزەیی بردوون[١١] .

کەناڵەکانی ڕاگەیاندن –تیڤیەکان- زۆرترین کاریگەریان هەیە لەسەر تاک و خێزان، بەهۆی ئەوەی پەخشی زۆربەی کەناڵەکان جیهانیە و دەگەنە هەموو شوێن و ماڵ و ناو هەموو خێزانێک، هەروەها توانای دەستبەسەرداگرتن و سەرنجڕاکێشانی بینەرانیان هەیە، بەهۆی ئەوەی هەم وێنە و هەم دەنگیش دەگوازنەوە و بابەتەکان سەرەنجراکێش پیشان دەدەن و بینەریان پێوە سەرقاڵ دەبێت و ئاگایان لە کات نامێنێت، هەروەها ئەم کەناڵە ڕاگەیاندنانە زۆربەی کات لە پێناو بەدیهێنانی کۆمەڵێک فەلسەفە و هزر و بیرکردنەوە و لە خزمەتی کۆمەڵێک دەزگا و وڵاتدا کاردەکەن و دەستی دەوڵەت و حیزب و کۆمپانیا و کەسایەتییە سەرمایەدارەکانیان لە پشتە و بەگوێرەی پرۆگرام و ویستی ئەوان بەڕێوەدەبرێن.

پرۆسەی جیهانگیری ریشەی چۆتە قوڵایی هەندێ بوارەوە و سەروەری نەتەوەیی وڵاتانی لە کەرتی میدیا و کوولتوردا بەزاندووە. بەمشێوەیە سنوورە ئاساییەکانی نێوان وڵاتانی بەزاندووە. بەشێوەیەک لە چوارچێوەی یەکگرتنی بازاڕەکانی جیهاندا لە بواری بازرگانی و وەگەڕخستنی سەرمایەی ڕاستەوخۆ و گواستنەوەی سەرمایە و هێزی کار و کوولتور و تەکنەلۆژییەکان کۆت و بەندی کاتی کەمکردۆتەوە، ئەمەش لە چوارچێوەی سەرمایەداری و ئازادی بازاردا دواتر ملکەچکردنی جیهان بۆ هێزی بازاڕی جیهانییە، ئەمەش دەبێتە هۆی بەزاندنی سنوورە نەتەوەییەکان و داکشانێکی گەورە لە سەروەری وڵاتان و تایبەتمەندی ئینتیمای کوولتوری و شارستانی بۆ نەتەوە یان نیشتیمانێکی دیاریکراو، بەهۆی بەکارهێنانی کیانگەلێکی میدیای زەبەلاحی سنووربەزێنەوە، کە پلانەکەی وا دارشتووە ئەو سنوورە ببەزێنێت و جۆرە پەیوەندییەکی تازە دروستبکات کە پێشێلی سەروەری وڵاتانی دیکە بکات بە ئاراستەی خزمەتکردن و بەدەستهێنانی بەرژەوەندی سیاسی وڵاتانی گەورە[١٢].

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا چونکە دایکان و باوکان کەمترین کات بۆ منداڵەکانیان و پەروەردەکردن و دواندنیان تەرخان دەکەن، بەهۆی سەرقاڵبوون بە دەوام و کاری فەرمی و بژێوی ژیانی ڕۆژانە، دەبینین زۆربەی کات منداڵەکان لە ماڵەوە بەدیار شاشەی تیڤیەکانەوە کاتیان بەسەر دەبەن، زۆربەی کات چەندان کاتژمێر بەدیاریەوە دادەنیشن، بێگومان ئەوەش کاریگەریەکی نەرێنی گەورەی دەبێت لەسەر دەروون و بیرکردنەوەی منداڵ، کە بەداخەوە بەتایبەتی لە کوردستانی خۆمان ئەو کەناڵانەشی کە تایبەتن بە منداڵان، بەرنامە و پرۆگرامەکانیان لە ئاستێکی پەروەردەیی پێویستدا نیە، چجای بگات بەو کەناڵانەی تر کە زۆربەیان کاتێکیان داناوە بەناوی ماوەی منداڵانەوە. بەڵام لە هەمووی کارەساتبارتر بریتیە لە کاتەکانی تری پەخشی ئەو کەناڵانە کە جۆرەها فیلم و زنجیرەی دۆبلاژکراو و درامای نەشیاو پەخش دەکەن، بە هەزاران خێزان و کەسی گەورە و بچوک و هەرزەکار سەیریان دەکەن، بەشی زۆری ئەو فیلم و زنجیرە دۆبلاژکراو و درامایانە نەشیاون بۆ خێزان و تاک و منداڵ، کە بێگومان ئەمەش مەترسییەکی گەورەیە و پێویستی بە هەڵوەستە لەسەرکردنی تەواو هەیە، بۆ ئەوەی تاک و خێزان پارێزراوبن لە دەرهاویشتە نێگەتیفەکانی ئەم کەناڵە ڕاگەیاندنانە.

بەشی هەرە زۆری ئەو پرۆگرام و بەرنامانەی تیڤیەکانی وڵاتانی ئیسلامی پەخشی دەکەن نەگونجاو و ناکۆکن لەگەڵ کولتور و داب و نەریتی ئەو کۆمەڵگەیانە، بەمەش کاریگەریەکی خراپ لەسەر خێزان و تاکەکان بەجێدێڵن. بەگوێرەی هەندێک توێژینەوەی ڕێکخراوی یونسکۆ ٦٠% پرۆگرام و بەرنامەی تەلەفزیۆنەکانی وڵاتانی عەرەبی وەرگیراون لە بەرنامە و پرۆگرامی تیڤیەکانی وڵاتانی ئەمریکا و فەرەنسا و ئەڵمانیا و بەریتانیا[١٣].

بێگومان ئەمەش مەترسیەکی گەورەیە، چونکە کولتور و داب و نەریت و شێوزای ژیان لەو وڵاتانەدا جیاوازە لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی، بەمەش تاک و خێزانەکان تووشی کێشە دەبنەوە و ناتوانن ژیانێکی ئاسوودە و سەربەرزانە بەرنە سەر.

شیمۆن پێرێزی سەرۆکی پێشووی ئیسرائیل وتی: (ئێمە ناتوانین وڵاتانی عەرەبی بگۆڕین، ئەوەی دەتوانێ بیانگۆڕێت، ئەو سێلە بچکۆلەیەیە کە دایدەنێن بۆ وەرگرتنی کەناڵە ئاسمانییەکان)[١٤].

ئەم مەترسییەی راگەیاندن تایبەت نیە بە تاک و خێزانی موسڵمان، بەڵکو مەترسییەکی جیهانیە و هەموو وڵاتانی گرتۆتەوە، بە گوێرەی لێکۆڵینەوەیەکی ئەمریکی کە لە ساڵانی (١٩٩٠ بۆ ١٩٩٧) ئەنجامدراوە و هەڵسەنگاندن بۆ (١٠٠٠٠) کاتژمێر پەخشی تەلەفزیۆنەکان کراوە، دەرکەوتووە کە ٦١% پەخشەکە دیمەنی توندوتیژی بڵاوکراوەتەوە[١٥] .

بێگومان کەڵەکەبوونی ئەم هەموو دیمەنی کوشتن و توندوتیژیەی لە کەناڵەکانەوە پەخشدەکرێت و گەورە و بچووک رۆژانە دەیبینن کاریگەریەکی گەورە دادەنێن لەسەر رەفتار و بیرکردنەوەی مرۆڤەکان، بەتایبەتی منداڵان کە دواتر ئەنجامدانی تاوان و توندوتیژی بەلایانەوە ئاسایی دەبێتەوە، هەروەها ئەم هەموو دیمەنە نەشیاوەی کە رۆژانە لە فیلم و دراماکاندا پیشاندەدرێت دەبێتە هۆی لادانی گەنج و هەرزەکارەکان، چونکە ئەوان لە قۆناغێکی هەستیاری ژیاندان و پێویستیان بەپەروەردە و رۆشنبیری هەیە نەک پیشاندانی گرتەی نەشیاو و دوور لە ئاداب و بەهای گشتی. میدیا و تەلەفزیۆن کاریگەرییەکی زۆریان لەسەر منداڵ و هەرزەکاران هەیە، لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی گۆڕانی شێوەی ڕەفتاریان. ئەوان لە هەموو چینێک زیاتر دەکەونە ژێر کاریگەرییەکان ڕاگەیاندنەوە، ناتوانن خۆڕاگربن بەرامبەر بە هێرشی میدیا و خۆیان بپارێزن، بەمەش ناچار دەبن ڕەفتار و ژیانیان بگۆڕن بۆ ئەو شێوازەی میدیا دەیەوێت.

سێیەم: ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان:

بەداخەوە لە جیهانی ئەمرۆدا ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵاتیەکان تێکەڵبوون لەگەڵ ژیانی مرۆڤەکاندا و بوونەتە خەو و خۆراکی بەشێکی زۆری دانیشتوانی سەرزەوی، تاکەکان وا ئالوودەی هێڵەکانی ئینتەرنێت بوون کە ناتوانن بۆ چەند رۆژێک بگرە بۆ چەند کاتژمێرێک لێی دووربکەونەوە و بەکاری نەهێنن. ئەم دیاردەیە بەشێوەیەکی گشتی جیهانییە و تایبەت نییە بە شوێنێکی دیاریکراوەوە. بەگوێرەی داتاکان ٧٥% دانیشتوانی گۆی زەوی موبایل بۆ پەیوەندی و تۆڕەکۆمەڵایەتیەکان بەکاردێنن، بەڵام وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەراست و لە نێویشیاندا عێراق و کوردستان چونکە ئەم بابەتە نوێیە بۆ ئەم وڵاتانە، هەربۆیە ژمارەی بەکارهێنەران و ماوەی بەکارهێنان تیایاندا زۆر بەرزە.

نەبوونی رۆشنبیری بەکارهێنانی ئەم هێڵ و تۆڕە کۆمەڵاتیانە یەکێکە لە ئاڵەنگاری و گرفتە مەترسیدارەکان، چونکە بۆتە مایەی سەدان کێشە و گرفت و جیابوونەوەی دەیان خێزان بەهۆی خراپ بەکارهێنانی ئەو تۆڕانەوە، بەگوێرەی وتەی ئەوانەی لە دادگاکانی باری کەسێتیدا کاردەکەن، یەکێک لە هۆکارە سەرەکیەکانی جیابوونەوەی نێوان ژن و مێرد بریتییە لە خراپ بەکارهێنانی ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتیانە، کە بوونەتە گۆڕەپانێکی بەرفراوان بۆ خۆشەویستی درۆینە و ناپاکی هاوسەری و دڵداری بێئەنجام و نمایشی بێهوودە و کاتکوژیەکی زۆر و دووورکەوتنەوە لە واقیع و ژیان لە خەیاڵپڵاویدا، ئەمەش دواتر دەبێتە هۆی هەستکردن بە نائارامی دەروونی.

بەهۆی نەبوونی هیچ سانسۆرێک لەسەر ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتیانە و دیارینەکردنی تەمەنێکی دیاریکراو بۆ بەکارهێنانیان و ئاسان دروستکردنی ئەکاونت و لاپەرەی کەسی لەم تۆڕانەدا بوونەتە کێشەیەکی گەورەی ناو خێزان و کۆمەڵگاکان[١٦] .

ئەم تۆڕەکۆمەڵایەتییانە بوونەتە هۆی گۆڕینی رەفتاری کەسانی گەورە و خاوەن پێگە و خێزان، پاشان بێگومان گەورەترین کێشەشیان بۆ منداڵ و هەرزەکارەکان دروستکردووە، بەهۆی ئەوەی ژیریان کامڵ نەبووە و ناتوانن باش و خراپ بەتەواوی جیابکەنەوە، بۆیە ئالوودەی ئەم هێڵی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتیانە بوون و، کاریگەری خراپ و نەرێنی ئەم تۆڕانەش لەسەر رەفتار و هەڵسوکەوتیان دیارە، بێجگە لە بەسەربردنی کاتێکی زۆر و لە ڕادەبەدەر لەسەر هێڵەکانی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان بوونەتە هۆی تێکدانی هزر و بیرکردنەوە و رەفتاری تاکەکان، سایتەکانی ئینتەرنێت هەمەجۆر و فرەڕەنگ و سەرەنجراکێشن و بەهەزاران ناونیشان و تایتڵی جیاوازی تێدایە بۆیە کە کەسێک کەوتەناوی زۆر بە ئەستەم ئاگای لەکات دەمێنێت و ڕۆدەچێت لەناویاندا.

بەهۆی نەبوونی چاودێریش لەسەر سایت و پێگەکانی ئینتەرنێت گەنج و هەرزەکارەکان بە ئاسانی دەستیان دەگات بە سایتە بێڕەوشتەکان و ئالوودەی دەبن و تووشی لادانی سێکسی دەبن. بوونی سەدان هەزار گرتەی ڤیدیۆی لە ناو ئینتەرنێت و یوتیوب دا کە بێگوومان بەشێکی زۆری گرتەی نەشیاو و توندوتیژ و دوور لە بەها باڵاکانن، هەموو ئەمانە کاریگەریان لەسەر ئاوەز و هزر و رەفتاری تاک دەبێت و دواتر دەبنە کێشە و گرفت بۆ خێزان و کۆمەڵگە.

بەهۆی ڕۆچوون لە بەکارهێنانی ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵاتیەکان کەسی بەکارهێنەر تووشی دابڕانی کۆمەڵایەتی دەبێت و تەواو دادەبرێت لە خێزان و خزم و نزیکەکانی و دەکەوێتە جیهانێکی ترەوە، بە گوێرەی توێژینەوەیەکی زانکۆی ستانفۆرد کە لەسەر (٤١١٣) کەس ئەنجامدرابوو دەرەنجامەکەی ئەوەبوو کەوا کەسی بەکارهێنی ئینتەرنێت تا زیاتر لەسەر ئینتەرنێت بمێنێتەوە زیاتر هەست بە دابڕان و دووورکەوتنەوە لە خێزان و کۆمەڵگا دەکات.

کوردستانیش بەدەرنیە لە کاریگەریە نەرێنیەکانی ئامرازەکانی پەیوەندیکردن، بە گوێرەی توێژینەوەیەکی مەیدانی لە شاری سلێمانی ڕێژەی ٢٣% ی بەشداربووان پێیان وایە ئینتەرنێت بۆتە هۆی دوورخستنەوەی ئەندامانی خێزان لەیەکتری، هەروەها ٤١% پێیان وایە کە ئینتەرنێت بۆتە هۆی کەمکردنەوەی گفتوگۆی خێزانی، هەروەها ٦٣% پێیان وایە کە ئامرازەکانی گەیاندن بوونەتە هۆی کەمبوونەوەی سەردانە خێزانیەکان[١٧].

لە ڕوانگە و دیدی ئیسلامەوە مرۆڤ گەورەی بوونەوەر و هەڵبژێردراوی خوایە لەسەر زەوی، ئامانج لە هاتنە دونیای مرۆڤ زۆر لەوە گەورەترە ببێتە بەندەی حەزەکانی و بکەوێتەژێر دەستی خووە خراپەکانییەوە، دەبێت مرۆڤ سەرورەر و سالاری هەموو کالا و کایەکانی ناو بوونەوەر بێت و ئەو شتانەی هەن لەسەر زەوی بۆ خزمەتی مرۆڤ بن، نەک ئەوەی مرۆڤ ببێتە خزمەتکاری ئەو شتانە. بەفیرۆدانی کات لەسەر ئەم تۆڕەکۆمەڵایەتی و ئامێرە تەکنۆلۆژیانە تاوانە، مرۆڤ تووشی لێپرسینەوەی دوارۆژ دەبێت لەسەری، بۆیە دەبێت بە هۆشیارانە و بە ئەندازەی پێویست بەکاربهێنرێن، چونکە وەزیفەی مرۆڤ و کاتەکانی زۆر لەوە گەورەترن بەشتی لاوەکیەوە بە فیڕۆ بدرێن، سەرەڕای بەشێکی زۆری ئەوەی لەناو ئەو تۆڕە کۆمەڵایەتیانە دەگوزەرێت شتی قەدەغەکراون لە ڕووی ئاینیەوە، یاخوود بەشێکیان شتی بێسوودو بێکەڵکن، پەیامبەریش هۆشداری داوەتە موسڵمان لەخۆ خەریککردن بە وتی وتی و بەفیڕۆدانی ماڵ و پرسیاری زۆر و بێمانا، وەک دەفەرمووێت: (وكره لكم: قيل وقال، وكثرة السؤال، وإضاعة المال)[١٨] . بۆیە ناگونجێت و قەدەغەکراوە تاکی موسڵمان ئالوودەی ئەم جۆرە تۆڕو ئامرازە تەکنەلۆژیانە ببێت و زیاد لە پێویست بەکاریان بهێنێت، یاخوود بەشێوازێکی نادروست بەکاریان بێنێت.

## چوارەم: دابڕانی کولتوری و لاساییکردنەوەی ڕەهای بێگانەکان

هەر وڵات و کۆمەڵگەیەک خاوەنی کۆمەڵێک بنەما و بەها و کولتوری تایبەت بەخۆیەتی کە بوونەتە بنەمایەکی نەگۆڕ لە ژیانی ڕۆژانەیاندا و ڕەنگیان داوەتەوە، دەستگرتن بەو کولتور و بەها باڵایانەوە زامنی مانەوە و گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی ئەو کۆمەڵگەیەیە، بەڵام بەهۆی جیهانگیری ئەمڕۆوە بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگاکان بەتایبەتی کۆمەڵگاکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست دەستبەرداری ئەو کولتور و بەها باڵایانەیان بوون و خەریکی لاساییکردنەوە و چاولێکەری خەڵک و کۆمەڵگەکانی ترن، بە گومانی خۆیان وادەزانن بەو لاسایی و چاولێکەریە پێشدەکەون و دەبنە سەر مەشق، زۆربەی کات ئەو کەسانەی ئاوا بیردەکەنەوە، تەنها لەشتی نەشیاو و بەهای نەگونجاو لەگەڵ خێزان و کۆمەڵگاکەیان لاسایی کۆمەڵگا و خەڵکی تر دەکەنەوە، ئەگەرنا بۆ کولتور و بنەما جوانەکانی ئەوان هیچ کات بانگەشەی لاساییکردنەوەیان ناکەن.

بێگوومان هەموو کۆمەڵگایەک خاوەنی کۆمەڵێک بەها و بنەمای جوانە کە خەڵکەکەی خوویان پێوەگرتووە و بۆتە ناسنامە بۆیان، وەرگرتن و چاولێکردنی بەشە بەسوود و جوان و گونجاوەکەی ئەم کۆمەڵگەیانە جێگەی دەستخۆشیە، بەڵام دەبێت ئەوەش لەبەرچاوبگیرێت کە هەموو کۆمەڵگایەک خاوەنی تایبەتمەندی و کولتوری خۆیەتی، گوێنەدان بەو تایبەتمەندی و کولتورە دەبێتە هۆی کێشەو گرفت بۆ تاک و خێزان و کۆمەڵگە.

ئەو تاک و خێزانەی گوێ نادات بە تایبەتمەندی و کولتوری کۆمەڵگاکەی تووشی دابران و بە خراپ سەیرکردن دەبێتەوە لە ناو کۆمەڵگا و هەمیشە ئازار دەچێژێت و دەبێتە جێگەی توانجی کۆمەڵگە، ئەمەش بەهۆی گوێنەدانی بە داب و نەریتی کۆمەڵگا و خۆ جیاکردنەوە لە کۆمەڵگاکەی، بۆیە بەشێکی زۆری خێزانەکان لەمڕۆدا تووشی گرفت بوونەتەوە لەگەڵ منداڵەکانیاندا بەهۆی گوێنەدانی منداڵەکانیان بە داب و نەریتی گشتی و ئەنجامدانی خووی نەشیاو بە کۆمەڵگا.

لە ئێستادا خێزانەکان لەبەردەم مەترسیەکی تەواودان بەهۆی زاڵبوونی کولتوری بێگانە و کۆمەڵگەکانی تر بە تایبەتی لە ڕێگەی سەیرکردنی دراما و فیلمی بیانی، کە ئەمانە هەموویان کاریگەری بەجێدەهێڵن لەسەر تاک و خێزان، بەتایبەتی لەسەر تازەپێگەیشتوو و منداڵان، ئەم کولتورە نامۆ و داب و نەریتە نەشیاوانەی نێو کۆمەڵگاکانی تر بەریەک دەکەون لەگەڵ کولتور و داب و نەریتی نێو کۆمەڵگەی خۆمان و دەبێتە هۆی دروستبوونی کێشەو گرفت بۆ هەموو لایەک، بۆیە دەبێت ئەم بابەتە بە هەستیاری مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت.

ئاینی پیرۆزی ئیسلام گرنگیداوە بە پاراستنی کولتور و داب و نەریتی گەلان و هەوڵی پاراستنیشی داوە، بە مەرجێک دژ نەبووبێت لەگەڵ دەق و بنەماکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام، بەڵگەش بۆ ئەمە بریتیە لە مانەوەی ئەو هەموو کولتور و فەرهەنگە جیاوازەی لە کۆمەڵگە موسڵمانیشنەکاندا هەیە، سەرەڕای پەیوەستبوونیان بە ئیسلامەوە بەڵام کولتور و فەرهەنگیان هەر پارێزراو بووە. پێویستە تاکی کوردیش ئەم ڕاستییەی لە بەرچاو بێت کە پەیوەستبوون بە کولتور و داب و نەریتی باوانی و پاراستنی ڕەسەنایەتی کۆمەڵگەکەی، ڕێگر نییە لە پێشکەوتن و بەدەستهێنانی زانست و زانیاری.

## پێنجەم: بێبایەخکردنی ئاین و بەها باڵاکان:

بێبایەخکردنی ئاین و زاڵبوونی لایەنی مادی بەسەر لایەنی ڕۆحی مرۆڤەکان یەکێکە لەو قەیرانانەی ڕووی لەبەشی هەرەزۆری کۆمەڵگا و خێزان و تاکەکان کردووە، نەک تەنها خێزان بەڵکو کۆمەڵگا و وڵاتانیش بە دەست ئەم کێشەیەوە دەناڵێنن، بەهۆی دەرکەوتنی سیستەمی سەرمایەداری و زاڵبوونی هەژموونی مادیی بەسەر کەسەکانەوە، بۆیە مرۆڤ وای لێهاتووە تەنها بیر لەلایەنی مادیی و دارایی دەکاتەوە و لایەنی مرۆیی و ئاینی و ڕۆحی زۆر لاواز بووە، کە سەرەئەنجام

ئەمەش دەبێتە نەمانی خۆشەویستی و سۆز لە نێو خێزانەکاندا و کەشێکی ناسروشتی دێنێتە کایەوە کە تیایادا مرۆڤ وەک سەنتەر نامێنێت و بەڵکو دەستخستنی سامان و مادە دەبێتە شوێنگرەوەی هەموو بەها و ڕەوشتێک. ئاینی پیرۆزی ئیسلام پێمان دەڵێت دەبێت مرۆڤ چەقی بوونەوەر بێت و هەموو کایەکانی تری ژیان لە خزمەتی ئەودا بن:آ((وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُمْ مِنَ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَى كَثِيرٍ مِمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلًا))[١٩].

لە ئێستادا خێزانەکان لەبەردەم ئەرکێکی قورس و گەورەدان بۆ پەروەردەکردن و ئاراستەکردنی تاکەکانی نێو خێزان و شارەزاکردنیان بە ئاکار و ڕەوشتی ئاینی و نەریتی بەرز و جوانی باب و باپیرانمانەوە، چونکە ئەم پەروەردەکردن و ئاشنابوونە بە داب و نەریتی پێشینانمان زامنکەری مانەوە و بەردەوامبوونی خێزانە لە نێو کۆمەڵگەدا، لە ئەگەری دەستبەرداربوون لەو پەروەردە و داب و نەریتە کۆمەڵایەتیانە خێزان و کۆمەڵگە تووشی هەرەسهێنان و تێکشکان دەبن.

پێویستە ئاگامان لەوەبێت کە ئێستا خەریکە نەوەیەک دروست دەبێت کە دوورن لە هەموو ئەو بەها کۆمەڵایەتیانە و پەروەردە نەکراون لەلایەن خێزانەکانیانەوە، یاخود پەروەردەیەکی هەڵە و پڕ کەموکورتی کراون، ئەمانە ئەگەر ڕێژەیەکی کەمیش بن بەڵام ڕۆژبەڕۆژ ڕوو لە زیادبوونە و لە داهاتوویەکی نزیکدا دەبنە کێشەو گرفت بۆ کۆمەڵگەکەمان. پێگەشتنی نەوەیەک کە ئاشنا نییە بە ئاین و کولتور و داب و نەریتی باوانی و ژیانی کۆمەڵایەتیان، هەڵەیەکی گەورەی پەروەردەییە،پشکی شێریش لە دروستبوونی ئەم دۆخەدا دەکەوێتە ئەستۆی خێزانەکانیان، چونکە گوێیان نەداوە بە پەروەردەکردنیان و داویانەتە دەست قەدەر و کۆمەڵگا و هاوڕێ بۆ ئەوەی پەروەردەیان بکەن، سەرئەنجام مەگەر زۆر بە دەگمەن ئەگەر نا تاکێکی تەندروست دەرناچێت و گیرۆدە دەبێت بەدەست چەندان کێشەوە، بۆ چارەسەری ئەم دۆخەش پێویستە خێزانەکان تۆکمەتر بکرێن و هۆشیار بکرێنەوە لەوەی کە پێویستە تەنها گرنگی بەلایەنی مادیی و جەستەی منداڵەکانیان نەدەن و بەڵکو لەوە گرنگتر بریتیە لە گرنگیدان بەلایەنی پەروەردەکردنیان و فێرکردنی لایەنی کۆمەڵایەتی و ئاداب و نەریتی گشتی.

- تەوەرەی سێیەم:

ئاڵەنگاریەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردستان و کاریگەری لەسەر خێزان:

لەراستیدا کۆمەڵگاکان لە ئێستادا بەدەست چەندان کێشە و گرفتەوە دەناڵێنن، هەموو ئەو کێشە و ئاریشانەش دەبنە ئاڵەنگاری و کۆسپی راستەقینە لە بەردەم خێزانەکاندا، چونکە ئەو کێشانەی ڕوودەکەنە کۆمەڵگا ڕاستەوخۆ کاریگەریان دەبێت لەسەر خێزان و تاکەکان، بۆیە پێویستە هەڵوەستی تەواو بکەین لەسەر ئەو ئاڵەنگاریانەی ڕوودەکەنە کۆمەڵگا بۆ ئەوەی بتوانین خێزانەکان و تاکەکان بپارێزین و لە کاریگەریە نەرێنیەکانی ئەم گرفتانە بەدووریان بگرین.

کەمنین ئەو ئاریشە و گرفتانەی لە ناو کۆمەڵگاکاندا بوونیان هەیە، بۆیە کۆمەڵگەی کوردستانیش لەم ئاریشانە بەدەرنییە، کاتێک سەیری کۆمەڵگا دەکات دەکەیت و تێڕادەمێنی زۆر بە ئاسانی هەست بەو گرفتانە دەکەی کە ڕۆژانە ڕوودەدەن و کاریگەری نەرێنی لەسەر خێزانەکان بەجێدێڵن و، دواتر خێزان و تاک باجەکەی دەدات.

ئێمە لێرەدا باس لە کۆمەڵێک لەو گرفتانە دەکەین و دەیانخەینە ڕوو بۆ ئەوەی بە یارمەتی خواو هیمەتی دڵسۆزان بتوانین کێشەکان دیاری بکەین و دواتریش چارەسەریان بکەین، ئاڵەنگاریەکان زۆرن بەڵام ئێمە لێرە تەنها دەتوانین باس لە هەندێکیان بکەین و تیشکیان بخەینە سەر، بە ئومێدی ئەوەی کۆمەڵگە و خێزانەکانمان بە دوور بن لە هەموو ئاریشە و گرفت و ناجۆرییەک و کۆمەڵگەکەمان ببێت بە نموونەیەکی جوان و بەرز لە هەموو بوارەکاندا.

گرنگترین و دیارترین ئەو ئاڵەنگاریە ناوخۆییانەی کۆمەڵگە کە کاریگەریان هەیە لەسەر خێزان و هەڕەشن لەسەری بریتین لەمانەی لای خوارەوە:

یەکەم: کەموکورتی لە سیستەمی پەروەردەدا:

بێگومان پرۆسەی پەروەردەکردن گرنگترین پرۆسەیە و پێویستی بە هەوڵ و کۆششی هەموو لایەک هەیە، لە تێکچوونی سیستەمی پەروەردە هەموو لایەک زەرەرمەند دەبێت وڵات کۆمەڵگا خێزان تاک، بۆیە پێویستی زۆرترین گرنگی بەلایەنی پەروەردە بدرێت، یەکێک لەو ئاڵەنگاریانەی ڕوویکردۆتە کۆمەڵگاکەمان بریتیە لە ناتەواوی سیستەمی پەروەردە، لە کۆمەڵگا و قوتابخانەکانی ئێمەدا ئەوەندەی گرنگی بە فێرکردنی منداڵ و قوتابیەکان دەدرێت ئەوە گرنگی بە پەروەردەکردنیان نادرێت.

بە تەنها بە خێزان زۆر قورسە بتوانێت تاکێکی تەندروست پەروەردە بکەیت ئەگەر سیستەمی پەروەردە و فێرکردنی وڵات یارمەتیدەر نەبێت، چونکە ئەم قوتابیە بەشێکی زۆری کاتەکانی لە دایەنگە و باخچەی ساوایان و قوتابخانەکاندا بەسەر دەبات، ئەگەر بێت و سیستەمی ئەم ناوەندانە کەموکورتی تێدابێت ئەوە بێگومان ڕەنگدانەوەی دەبێت لەسەر دەروون و ڕەفتار و پەروەردەی منداڵەکان.

بەشێک لە وڵاتەکان تەنها بیر لە فێرکردنی منداڵەکان دەکەنەوە و پەروەردە پشتگوێ دەخەن، وەک ئەوەی ئێستا لە بەشێکی زۆری وڵاتان دەگوزەرێت لە ناویشیاندا وڵاتی خۆمان، هەرچەندە ئێمە وەزارەتێکی تایبەتمان هەیە بەناوی وەزارەتی پەروەردە و فێرکردن، بەڵام لە راستیدا تەنها گرنگی بە فێرکردن دەدەن و پەروەردەکردنیان وەلا ناوە و پشتگوێیان خستووە، لە راستیدا ئەمەش کارەساتێکی گەورەیە و لە داهاتوویەکی نزیکدا باجەکەی دەدەین، چونکە هەموو کەسێکی دانا و ژیر ئەوە دەزانێت کە پەروەردەکردن لە پێش هەموو شتێکەوەیە و لە هەموو شتەکانی تر گرنگترە، بەنەمانی پەروەردە خوێندن و فێرکردنیش بەهای خۆی نامێنێت و کۆمەڵگا تووشی سەدان گرفت و ئاریشە دەبێتەوە، بۆیە ئەوەی زۆر گرنگە لە ئێستادا هەڵوەستەی لەسەر بکرێت بریتییە لە

گەراندنەوەی پەروەردە بۆ ناو دامەزراوەکانی خوێندن و، بەسەنتەرکردنی پەروەردە دەبێت کاری لە پێشینە هەموو لایەکمان بێت، چونکە تەنها خێزان لەمڕۆدا ناتوانێت پەروەردەی تاکەکان بکات و بەرەوە پێشەوەیان ببات، بەڵکو ئەمە کارێکی هەمەلایەنەیە و دەبێت بەیەکەوە و تەواوکاری یەکتربین بۆ ئەوەی خێزانەکانمان پارێزراو و تاکەکانیشمان سەرکەوتوو بن.

لە بەشێکی زۆری وڵاتە پێشکەوتووەکانی وەک وڵاتی یابان تەنانەت لە قوتابخانەکانیان وانەیەکی تایبەت بە قوتابیان دەوترێتەوە بە ناوی وانەی ئەخلاق و ڕەوشت، کە مەبەست لێی ئاشناکردن و فێرکردنی بابەتە ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی و داب و نەریتە گشتیەکانە بە قوتابیان.

گرنگینەدان بەبواری پەروەردە لە ناوەندەکانی خوێندن ئاریشەیەکی گەورەیە، ئەمە یەکێکە لەو ئاڵەنگاریانەی کە ڕووی کردۆتە کۆمەڵگا و خێزانەکان و مەترسیەکی مەزنیشە بۆ داهاتوو، چونکە بەشی زۆری قوتابیەکان ئەوەندەی دەکەونەژێر کاریگەری قوتابخانە و مامۆستا و هاوپۆلەکانیانەوە، دەشێت کەمتر بکەونە ژێر کاریگەری خێزانەکانیانەوە، بۆیە لە ئێستادا بەشێکی زۆری خێزانەکان بەدەست ڕەفتاری قوتابیەکانیانەوە دەناڵێنن و بوونەتە گرفت بۆ خێزانەکانیان، بێگومان ئەمەش کارێکی دوولایەنەیە و پێویستی بە چاککردنی هەردوو لایەنی خێزان و ناوەندەکانی خوێندن هەیە بۆ ئەوەی داهاتوو نەوەکانمان لەوە زیاتر نەکەوێتە بەر مەترسی و هەڕەشەی گەورە[20].

لە ئێستادا پێویستەپرۆگرامەکانی خوێندن لە هەموو ئاستەکانی خوێندن و ناوەندە جیاوەزەکانی خوێندندا گرنگی بدەن بە لایەنی پەروەردەکردنێکی تەندروستی قوتابیەکان، بۆ ئەوەی هاوتەریب بێت لەگەڵ ئەو پەروەردەیەی لەناو خێزانەکانەوە دەکرێت، بەڵکو دەبێت ئەو پەروەردەیەی لە ناوەندە جیاوەزەکانی خوێندنەوە دەکرێت جیاوازتر و باشتر بێت لەوەی ناو خێزانەکانەوە دەکرێت، چونکە ئەو ناوەندانە ناوەندی پسپۆڕ و تایبەتمەند و بەرهەمهێنی ڕۆشنبیری و زانست و زانیارین، بۆیە دەبێتە پەروەردەکەیان جیاوازتر بێت و ڕاستکەرەوەی ئەو هەڵە پەروەردەیانەش بێت کە هەندێکجار لە ناو خێزانەکانەوە سەرچاوە دەگرێت بەهۆی نەبوونی ڕۆشنبیری و یاخوود هەندێک هەلومەرجی تایبەتی ناو خێزانەکان.

دووەم: کەمبونەوەی پێشەنگی باش و زۆربوونی پێشەنگی خراپ:

بێگومان مرۆڤ لە سەرەتای ژیانییەوە تاوەکو کۆتایی تەمەن هەمیشە هەوڵی لاسایکردنەوەی کەسانێک دەدات کە پێیانەوە سەرسامە و وەک نموونەی باڵای خۆی سەیریان دەکات، ئەم کردارە لاسایکردنەوە و بەپێشەنگ سەیرکردنە شتێکی ئاسایی و سروشتیە، چونکە مرۆڤ بەهۆی ناشارەزایی و نەبوونی ئەزموون هەوڵدەدات هەمان ڕێچکە و ڕێبازی ئەو کەسانە بگرێت کە پێیان سەرسامەو بەلای ئەووەوە سەرکەوتوون و وەک پێشەنگ و پێشەوای خۆی سەیریان دەکات و هەمیشە لەبەرچاوییانە.

لە سالانی پێشوو، پێش هاتنە ناوەوەی تەکنەلۆژیا، پێشەوا و نمونەی باڵا تەنها لە ناو خێزاندا خۆی دەبینیەوە، واتە دایک و باوک یاخوود خوشک و برا، یاخوود هەر تاکێکیتری ناو خێزان نمونەی باڵای دەبینی بۆ تاکەکانی تری ناو خێزانەکەی و ئەوانیتر هەوڵی شوێنکەوتن و لاسایکردنەوەی ئەویان دەدا، یاخوود لە هەندێک کاتدا کەسێک لە دەرەوەی خێزان ئەم ڕۆڵەی دەبینی و دەبووە پێشەنگ و نموونە بۆ ئەوانیتر، بەڵام ئێستا کارەکە پێچەوانەبۆتەوە، بەهۆی باڵادەستبوونی بواری تەکنەلۆجیا و ئینتەرنێت و تیڤی و هتد.. نمونە باڵاکان بوونەتە کەسانێکی بێگانە و نامۆ بە کۆمەڵگا و کولتور و ئادابی گشتی وڵات و کۆمەڵگا، هەندێکجاریش ئەم نموونە باڵایانە لەناو خودی کۆمەڵگادان، بەهۆی کارەکانیانەوە یاخوود دەرکەوتنی میدیایەوە دەبنە پێشەنگ و پێشەوا بۆ منداڵ و تازەپێگەشتوو و گەنجان.

بەڵگە نەویستە کەوا بەشێکی زۆری ئەو پێشەوایانەی ئەمڕۆ وەک پێشەنگ و سەرمەشق و نموونەی باڵا سەیریان دەکرێت لە بوارە جیاوەزەکاندا وەک پێویست نین و ڕۆڵێکی خراپ دەگێڕن لەناو کۆمەڵگادا، کە ئەمەش ڕاستەوخۆ کاریگەری هەیە لەسەر تاک و خێزان.

لە ڕابردوودا پێشەنگەکان کەسانی خاوەن کەسایەتی و لێهاتووی و دڵسۆزبوون، زۆربەی کات هەوڵیاندەدا لەناو خێزان و کۆمەڵگادا نموونەیەکی جوان و ڕازاوە پێشکەش بکەن و بەردەوام ئامۆژگاری ڕۆڵەکانیان دەرکردوو و ڕێنمونیان دەکردن بۆ کاری باش و بەسوود، باو و باپیرانمان نموونەیەکی گەش و گەواهیەکی زیندووی ئەم لایەنەن، ئەوان وەک نموونەیەکی بەرز و پێشەنگ بۆ نەوەکانیان خۆیان نمایش دەکرد.

بەڵام ئەوەی جێگەی داخە، ئەمڕۆ کۆمەڵە کەسانێک لە هەموو لایەکانی ژیان بوونەتە نموونەی بەرزی زۆربەی منداڵان و گەنجان کە هیچ بنەمایەکی پەروەردەی و جوانیان تێدانیە، بەشێکی زۆریان گۆرانیبێژ و بەناو هونەرمەند و یاریزان و پاڵەوانانی فیلم و ڕاگەیاندنکاری فاشیل و سیاسی هەڵەشە و هتدین.. بێگومان بوونی ئەمانە بە نموونەی بەرزی تاک و خێزان کارەساتێکی گەورەیە، چونکە بەشی زۆری ئەمانە هەڵگری ئەو سیفات و خەسڵەتانەنین کە بشێن بۆ ئەوەی تاکەکان و خێزانەکان لاساییان بکەنەوە، بەڵکو زۆربەی کات ئەمانە نموونەیەکی خراپ دەنوێنن و گوفتار و کرداری نەشیاو بڵاودەکەنەوە.

ئاینی پیرۆزی ئیسلام گرنگیەکی زۆریداوە بە پێشەنگی باش و هەمیشە داوا لە موسڵمان دەکات کە پێشەنگایەتی لە پێغەمبەری خوا وەربگرن و لاسایی ئەو بکەنەوە، وەک قورئان دەفەرموێت: ((لَقَدْ كَانَ لَكُمْ فِي رَسُولِ اللَّهِ أُسْوَةٌ حَسَنَةٌ لِمَنْ كَانَ يَرْجُو اللَّهَ وَالْيَوْمَ الْآخِرَ وَذَكَرَ اللَّهَ كَثِيرًا[21])) . بۆیە گرنگە هەمیشە کەسە پێشەنگەکان لە بەرزترین ئاستدا بن لە هەموو لایەکەوە بۆ ئەوەی بە هەموومانەوە بتوانین خێزان و کۆمەڵگاکەمان بپارێزین و بەرەو کەنارێکی ئارامی ببەین.

له نەمانی پێشەنگی باش و دەرکەوتنی پێشەنگی خراپ، خێزان و کۆمەڵگەکان بەرەو شپرزەی و هەڵوەشانەوە دەچن و، پەروەردە و فێرکردن و خێزانیش ناتوانن ڕۆڵی خۆیان وەک پێویست ببینن، چونکە هەرچەندە هەوڵ لەگەڵ ئەو کەسە بدەی کە کەوتۆتەژێر کاریگەری یەکێک لەوانەی کە ئەو وەک نموونەی باڵای خۆی سەیریان دەکات، تۆ ناتوانیت بە ئاسانی بیرکردنەوە و بڕیارەکانی بگۆڕیت، بۆیە ئەو هەمیشە هەوڵی لاسایکردنەوە و گەیشتن بەو کەسە دەدات کە پێی سەرسامە و وەک پێشەوای خۆی سەیری دەکات و زۆربەی کاتیش تووشی چەندان گرفت دەبێتەوە لەگەڵ خێزان و کۆمەڵگا.

## سێیەم: لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان

زانا و کۆمەڵناسەکان لە دێر زەمانەوە وتوویانە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتیە و حەز بە تێکەڵاوی دەکات و ئەستەمە بتوانێت بە تەنها ژیان بەسەر بەرێت، بۆیە مرۆڤ هەمیشە هەوڵیداوە بەشێوەی کۆمەڵ و دەستە دەستە لەناو کۆمەڵگاکاندا ژیان بباتە سەر، ئەمەش نیشانەو دەرخەری ئەوەیە کە مرۆڤ بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە. لە ئێستادا یەکێک لەو ئاڵەنگاری و ئاریشە گەورانەی ناو کۆمەڵگە کە هەڕەشە لە خێزانەکان دەکات بریتییە لە نەمانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و بەسەرکردنەوەی خزمان و دۆستان، ئەو پەیوەندیە کۆمەڵاتییانە هۆکارێکی گرنگی مانەوەی خێزان و بەردەوامبوونین، لە ئەگەری لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵاتیەکان، پەیوەندیەکانی نێو خێزانیش بەرەو لاوازبوون و سستی دەچن، بۆیە هەرچەندە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان و خۆشەویستی و سۆز و بەزەیی لە نێو کۆمەڵگادا بەرقەرارتر بێت ئەوەندەش خێزانەکان تۆکمەتر و بەهێزتر دەبن، چونکە خێزانەکان وێنەیەکی بچوکراوەی کۆمەڵگاکانی خۆیانن.

لە ساڵەکانی پێشوودا بەهۆی گەرموگوڕی پەیوەندییە کۆمەڵاتیەکان و بەرقەراربوونی سۆز و خۆشەویستی لەناو کۆمەڵگادا خێزانەکان گەورەتر و قەرەباڵغتر و دڵگیرتر بوون، بەڵام بەهۆی لاوازبوونی پەیوەندیەکان و کەمبوونەوەی سۆز و خۆشەویستی لە ناو کۆمەڵگادا، خێزانەکانیش بەرەو لاوازبوون و بچوکبوونەوە چوون و دەچن. ئاینی پیرۆزی ئیسلام گرنگیەکی زۆری داوە بە بەجێگەیاندنی پەیوەندیە کۆمەڵاتیەکان و هەڕەشەی توندیشی لەوانەکردووە کە پەیوەندی خزمایەتی دەپچڕێنن، وەک دەفەرموێت: ﴿(فَهَلْ عَسَيْتُمْ إِنْ تَوَلَّيْتُمْ أَنْ تُفْسِدُوا فِي الْأَرْضِ وَتُقَطِّعُوا أَرْحَامَكُمْ[٢٢])﴾ . پێغەمبەریش (د.خ) زۆر هانی موسڵمانانی داوە بۆ ئەوەی پەیوەندیە کۆمەڵایەتی و خزمایەتیەکان بەجێ بگەیەنن و لەگەڵ دراوسێیەکانیش باش بن، ئەم دووانەشی وەک هۆکاری ئارامی و ئاوەدانی ناساندوون[٢٣]

.

## چوارەم: زۆربوونی تاوان و بڵاوبوونەوەی مادە هۆشبەرەکان:

زۆربوونی تاوان و بڵاوبوونەوەی مادە هۆشبەرەکان لە ناو کۆمەڵگەکاندا ئاڵەنگاریەکی گەورەن بۆ خودی کۆمەڵگا و خێزانەکان، چونکە ئەم تاوان و کارە دزێوانە کاریگەری لەسەر تاکەکان دادەنێن و هەمیشە مەترسی تووشبوونیان هەیە، بۆیە پێویستە سنورێک بۆ ئەم هەموو تاوان و گرفتانە دابنرێت کە رۆژانە هەموو لایەکمان دەیبینین لە ناو کۆمەڵگاماندا، بەتایبەتی بڵابوونەوەی مادە هۆشبەرەکان، چونکە ئەم مادە هۆشبەرانە کەسی بەکارهێن تووشی ئالودەبووون دەکەن و ژیانی لێدەسەننەوە و تووشی دەیان نەخۆشی جەستەی و دەروونی و کۆمەڵایەتی دەکات.

بەداخەوە لە ئێستادا ژمارەی ئالودەبووان و بەکارهێنەرانی ئەم مادە هۆشبەرانە لە ئاستێکی مەترسیدار دایە، بە تەنها لە کوردستاندا نزیکەی (١٠٠٠٠) کەس هەن کە ئالودەی ئەم مادانەبوون و بەکاریدەهێنن، کە ئەمەش ژمارەیەکی مەترسیدارە و پێویستی بە هەڵوەستە لەسەرکردن هەیە، بڵاوبوونەوەی ئەم مادە هۆشبەرانە بەتایبەتی لەناو چینی گەنجان و قوتابیان زەنگێکی مەترسیدارە و پێویستی بە گرتنەبەری هەنگاوی بەپەلە هەیە، بۆ ئەوەی لەمە زیاتر تەشەنە نەسەنێت.

خێزانەکان بەهۆی زۆربوونی تاوان و کاری خراپ و مادەی هۆشبەرەوە لە بەردەم ئاریشە و گرفتێکی راستەقینەدان، چونکە هەم تاوان و هەمیش مادە هۆشبەرەکان دەبنە هۆی تێکدان و شپرزە کردنی خێزانەکان و سەرلێشێواندنی ئەندامەکانی تری ناو خێزانەکە، دەبینین بەهۆی ئەنجامدانی تاوانێک لەلایەن تاکێکی خێزانێکەوە کۆی ئەندامانی خێزانەکە تووشی گرفت و ئاریشە دەبنەوە، بەتایبەتی ئەگەر تاوانەکە یاخوود کێشەکە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بێت.

ئاینی پیرۆزی ئیسلام بۆ رێگەگرتن لە بڵاوبوونەوەی تاوان و کاری خراپ چەندین رێگەی گرتۆتەبەر و هەوڵی کەمکردنەوەی تاوانیداوە بە چەند رێگەیەک:

١. هۆشیارکردنەوەی تاکەکان و بەرچاوڕونکردنەوەیان بە سەرەنجامی خراپی تاوان و لە سنوور دەرچوون.
٢. دانانی سزای دونیایی بۆ بەشی زۆری تاوان و سەرپێچیەکان.
٣. رێگەگرتن لەو کار و رەفتارانەی سەردەکێشن بۆ تاوان و کاری نابەجێ.
٤. دانانی جێگرەوەی باش بۆ ئەوەی مرۆڤەکان خۆیان لە کارە قەدەغەکراوەکان بپارێزن و سەرقاڵ ببن بەکاری جوان و بەسوود و نەپرژێنە سەر کاری قەدەغەکراو و تاوانەکان.

هەروەها ئاینی پیرۆزی ئیسلام مادە هۆشبەرەکانی قەدەغەکردوون و سزای داناوە بۆ ئەو کەسانەی بەکاریدەهێنن و ئەوانەشی بازرگانی و کڕین و فرۆشتنی پێوە دەکەن، چونکە ئەم مادە هۆشبەرانە مەترسی دەخەنەسەر ئاوەز و جەستەی کەسی بەکارهێن و ژیانی بەرەو لەناوچوون دەبەن[٢٤].

## پێنجەم: زیادبوونی ڕێژەی قەیرەیی:

مرۆڤ خاوەنی چەندین غەریزەی جیاوازە، بۆ تێرکردنی غەریزەکانیشی پێویستی بە ئەنجامدانی چەند کارێکی دیاریکراو هەیە، یەکێک لەو غەریزە گرنگانەی مرۆڤیش بریتیە لە غەریزەی جنسی، بۆیە ئاواتی هەموو تاکێکە بتوانێت ئەم غەریزەیەی تێر بکات بەهۆی ڕەگەزی بەرامبەریەوە و لە ڕێگەی هاوسەرگیریەوە، ئەمەش ڕێگا دروستەکەیە و دەبێت هەموو لایەک هانی گەنجان بدەن بۆ ئەنجامدانی هاوسەرگیری و کارئاسانی بۆ بکەن. بەڵام ئەوەی جێگەی داخ و لەسەروەستانە بریتیە لە بەرزبوونەوەی ڕێژەی قەیرەی و ئەنجامنەدانی هاوسەرگیری، لە ڕابردوودا قەیرەیی حاڵەت بوو بەڵام ئێستا خەریکە دەبێتە دیاردە و بڵاودەبێتەوە بەناو کۆمەڵگەدا، ئەمەش ئاماژەیەکی مەترسیدارە و پێویستە چارە بکرێت. بەربەستەکانی بەردەم ئەنجامنەدانی هاوسەرگیری هەرچیەکبن پێویستە بە هەموو لایەکەوە هەوڵی چارەسەرکردنیان بدرێت و بەربەستەکان لاببردرێن. زیادبوونەی ڕێژەی قەیرەی و ئەنجامنەدانی هاوسەرگیری یەکێکە لە مەترسیە گەورەکان و ئاڵەنگاریەکی بەردەم خێزان و کۆمەڵگەیە، چونکە مانەوەی کچ لە ماڵی باوک و دایکی و شوو نەکردنی تووشی چەندان گرفتی دەروونی و جەستەیی و کۆمەڵایەتی دەکات و هەمیشە هەست بە کەمی دەکات لە نێو خێزان و کۆمەڵگەکەشی و، هەندێکجاریش سەر دەکێشێت بۆ لادانی جنسی و تووشبوونی بە تاوان.

ڕێژەی قەیرەیی لە وڵاتانی ئیسلامی ڕوو لە بەرزبوونەوەیەکی مەترسیدارە، بە گوێرەی سەرژمێری وەزارەتی پلاندانانی سعوودیە یەک لەسەر سێی کچانی سعوودیە بەرەو قەیرەی دەچن و هاوسەرگیریان نەکردووە[٢٥]. هەروەها بەگوێرەی لێکۆڵینەوەیەکی هاوبەشی نێوان ڕێکخراوی گەشەپێدانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان و توێژەرانی جەزائیری ڕێژەی قەیرەیی کچان لە جەزائیر گەیشتووە بە ٣١.٣% بەهۆی خراپی لایەنی دارایی و بڵاوبوونەوەی بێکاری لە وڵاتدا. بە هەمان شێوە لە وڵاتەکانی تریش دۆخەکە لە دۆخی سعوودیە و جەزائیر باشتر نیە[٢٦].

بە گوێرەی هەندێک ڕاپۆرت و سەرژمێری ڕێژەکە لە عێراق زۆر بەرزترە بەهۆی جەنگ و دۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، بەجۆرێک ڕێژەکە دەگاتە ٧٠% کە ئەمەش ڕێژەیەکە زۆر مەترسیدارە[٢٧]، بێگومان هەرێمی کوردستانیش لەم ئاریشەیە بەدەر نییە و ڕێژەی قەیرەی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ڕوو لە زیادبوون و بەرەو هەڵکشانە.

گرفتی قەیرەیی تایبەت نییە تەنها بە کچانەوە، بەڵکو بگرە ئەم بابەتە لای کوڕانیش هەمان شتە، بەشێکی زۆری گەنجانی ئەمڕۆ لە چوونە ناو پرۆسەی هاوسەرگیری خۆیان بەدوور دەگرن و هاوسەرگیری ئەنجام نادەن، بێجگە لەوەی بەشێکی زۆری گەنجان ڕوویان لە دەرەوەی وڵات کردووە و ئامادەنین بچنە ژێر باری پرۆسەی هاوسەرگیری و دروستکردنی خێزانەوە، بێگومان ئەمەش لێکەوتەی خراپی دەبێت لەسەر خودی گەنج و خێزان و کۆمەڵگاکانیان.

هۆکارەکانی قەیرەیی و ئەنجامنەدانی هاوسەرگیری زۆر و فرە ڕەهەندن، بەڵام بەگشتی چەند هۆکارێکی سەرەکی هەن کە فاکتەری بنەڕەتین بۆ ئەم بابەتە، لەوانە: هۆکاری کۆمەڵایەتی و دەروونی و پەروەردەی و ئابووری و ڕامیاری و ڕۆشنبیری و تەندروستی و هتد.. کە هەر یەکێک لەمانە چەندین هۆکار و لقی لێدەبێتەوە کە لێرەدا بوار نیە بەتێرو تەسەلی باسیان بکەین و لەسەریان بوەستین.

ئەو خێزانەی کە کچی قەیرەی تێدایە و ئەو کۆمەڵگایەی ڕێژەی قەیرەیی تێدا بەرزە تووشی زۆر گرفت دەبنەوە، لەوانە بڵاوبوونەوەی ڕق و کینە لە نێوان تاک و خێزانەکان و لادانی جنسی و بەکەم سەیرکردنی کەسی قەیرە و بنەماڵەکەی و بڵاوبوونەوەی خوودپەرستی و چەندان ئاریشەیتری خێزانی و کۆمەڵایەتی[٢٨].

ئاینی پیرۆزی ئیسلام هانی گەنجاندەدات بۆ ئەنجامدانی هاوسەرگیری و داواش لە دایکان و باوکان و کۆمەڵگاش دەکات کارئاسانیان بۆ بکەن بۆ ئەوەی کوڕان و کچان لە ڕێگەی هاوسەرگیریەوە بەیەک بگەن و خێزانی نوێ دروست بکەن، پەیامبەر فەرموویەتی: (إذا أتاكم من ترضون خلقه ودينه فزوجوه إلا تفعلوه تكن فتنة في الأرض وفساد كبير[٢٩]). هەروەها ئەنجامدانی هاوسەرگیریشی وەک نیشانە و بەڵگەیەکی گەورەی خوای میهرەبان وێناکردووە: ((وَمِنْ آيَاتِهِ أَنْ خَلَقَ لَكُمْ مِنْ أَنْفُسِكُمْ أَزْوَاجًا لِتَسْكُنُوا إِلَيْهَا وَجَعَلَ بَيْنَكُمْ مَوَدَّةً وَرَحْمَةً إِنَّ فِي ذَلِكَ لَآيَاتٍ لِقَوْمٍ يَتَفَكَّرُونَ[٣٠])). هەروەها پەیامبەر داوای لە گەنجانکردووە کە هاوسەرگیری بکەن: (يا معشر الشباب من استطاع منكم الباءة فليتزوج، فإنه أغض للبصر، واحصن للفرج[٣١]...). ئاینی ئیسلام گرێبەستی هاوسەرگیری و خودی هاوسەرگیریەکەی لە بەرێزترین گرێبەستەکان داناوە، ئەوەش لەبەر پەیوەست بوونی بە خودی مرۆڤەوە، کە بەرێزترین دروستکراوەکانی پەروەردگارە، چونکە پێکەوە گرێدانی پیاو و ئافرەتە بە پەیوەندی سۆز و خۆشەویستی و ڕەحمەوە، هەر ئەویشە -واتە: هاوسەرگیری- هۆکاری خستنەوەی وەچە و نەوەیەکە کە مرۆڤ ئاواتی ئەوەی لێ بکات کە بۆ خوا سوڵحاو و چاکەکار بن، هەر ئەویشە هۆکاری پاراستنی دامێنە لە خراپەکاری و بەد ڕەوشتی و هتد..، بەواتایەکی تر هاوسەرگیری لە ئیسلامدا پێویستییەکە لە پێویستییەکانی کۆمەڵگای موسڵمان، چونکە تاکە ڕێگەی شەرعیە بۆ بەرپاکردنی کۆمەڵگای بچوك -کە خێزانە- لەسەر بنەمای سۆز و خۆشەویستی و ڕەحم و خۆپارێزی و پاراستنی ڕەچەڵەك و پێشبڕکێ تێداکردنی بۆ ڕەوشت جوانی و ڕەسەنێتی ئاکارەکان، بۆیە ئەرکی سەرشانی هەموو

لایەکە کە هاوکاری گەنجان بێت بۆ هاوسەرگیری کردن و پێکهێنانی خێزان، لە پێناو بەردەوامبوونی وەچە و دوورکەوتنەوە لە لادانی جنسی و زۆربوونی ڕێژەی قەیرەیی.

- تەوەرەی چوارەم:

ئاڵەنگاریەکانی ناو خودی خێزان:

بێگومان لە ناو خودی خێزانەکانیش کۆمەڵێک ئاڵەنگاری گەورە هەن کە ئاریشەی راستەقینەن و هۆکارن بۆ لاوازبوون و سستبوونی خێزان، بوونی ئەم ئاریشە و گرفتانەش لەناو خودی خێزاندا پێویستیان بە لەسەر وەستان و چارەسەر هەیە، چونکە ئەم ئاڵەنگاریانە ئەگەر تێنەپەڕێندرێن و چارەسەری گونجاویان بۆ نەدۆزرێتەوە خێزان بەرەو شپرزەی و هەڵوەشانەوە دەبەن. هەر کەسێک بەراوردێک بکات لە نێوان خێزان لە ڕابردوو و خێزان لە ئێستادا بە ئاسانی ئەو گرفتانە دەبینێت کە خێزانەکان بەدەستیەوە دەناڵێنن لەم کات و سەردەمەدا، هەر لە لاوازبوونی پێگەی دایک و باوک و نەپرسینەوە و گرنگینەدان بە ڕۆڵەکان و کەمبوونەوەی سۆزو خۆشەویستی و میهرەبانی لە نێو خێزان و گرنگینەدان بە پەروەردەکردنی منداڵەکان و خووگرتن و ئالوودەبوون بە ئامڕازەکانی پەیوەندی و گەیاندن و هتد..

هەموو ئەمانە و چەندانی تریش ئاریشە و گرفتی راستەقینەی خێزانی ئەمڕۆن و زۆربەی خێزانەکان بەدەستیانەوە دەناڵێنن.

ئێمە لێرەدا هەندێک لەو ئاڵەنگاریانە باس دەکەین و هەوڵدەدەین چارەسەرێکی ئیسلامیانەی گونجاویان بۆ پێشنیار بکەین و بخەینە ڕوو.

یەکەم: لاوازبوونی پێگەی دایک و باوک لە ناو خێزاندا:

دایک و باوک لە ناو خێزاندا کۆڵەکەی سەرەکی و پێکهێنەری بنەڕەتین، هەروەها ئەوان لێپرسراوی یەکەمی ناو خێزانن، زۆربەی ئەرکەکان دەکەوێتە ئەستۆی ئەوان، هەر لە پەیاکردنی بژێوی و دابینکردنی ئاسایش و پاراستنی ئەندامەکانی خێزان و پەروەردەکردن و گرنگیدان بە فێرکردن و بوون بە پێشەنگ و سەرمەشق بۆ ئەندامانی خێزان و هتد.. هەر یەکێک لە دایک و باوک کۆمەڵێک لێپرسراوێتی و ئەرکی لەسەر شانە بەرامبەر خێزان و دەبێت ئەرکەکانیان بە باشی ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی خێزانێکی تۆکمە و تەندروست پێک بهێنن و پێشکەشی کۆمەڵگای بکەن.

سەنتەربوونی دایکان و باوکان لە ناو خێزاندا پێویستییەکی لەبن نەهاتووە، چونکە دایک و باوک کەسی یەکەمی خێزانن و ئەوان ڕێنمای دەدەن بە ئەندامەکانی تر و ڕێنموێنیان دەکەن لە بوارە جیاوەزەکاندا، لە بوونی هەر کێشە و ئاریشەیەکیشدا ئەوان ڕۆڵی چارەسەکەر و فریادڕەس دەبینن، چونکە ئەوان بەهۆی پێگە و شارەزای و لێپرسراویان بەرپرسن لە هەموو ئاکار و پێشهاتەکانی ناو خێزان، لێرەوە دەردەکەوێت کە پێویستە دایکان و باوکان چەقی خێزان بن و لە سەرووەی هەرەمی خێزاندا بن و ڕۆڵی خۆیان ببین لە ناو خێزاندا لە هەموو لایەنەکانەوە، چونکە لە ئەگەری لاوازبوونی پێگەی ئەواندا ئیتر خێزان تووشی سەرگەردانی تێکدەچێت.

لە ڕابردوودا باوکان دایکان چەقی خێزانبوون و هەموو ئەندامەکانی خێزان لە دەوریان کۆ دەبوونەوە، بەبێ پرسی ئەوان هیچ کارێکیان نەدەکرد، هەمیشە ڕاوێژیان پێدەکردن و مۆڵەتیان لێوەردەگرتن، بەمەش خێزانەکانە تۆکمەبوون و کەمتر تووشی گرفت دەبوونەوە، بەهۆی ئەوەی بەردەوام دایکان و باوکان ئامۆژگاری ڕۆڵەکانیان دەکردن و ڕێنموێنیان دەدانێ و چاویان لەسەریان بوو، بەمەش ئەندامانی خێزان گرنگیەکی تەواویان بۆ دایکان و باوکان دادەناو بە گوێیان دەکرن و لە قسەیان دەرنەدەچوون.

بەداخەوە لەم سەردەمەدا دایکان و باوکان هەمان پێگەی جارانیان نەماوە لە ناو خێزاندا، بەڵکو هەندێک کات وەک تاکێکی ئاسایی سەیریان دەکرێت، بێجگە لەوەی زۆر کات قسەکانیان بایەخیان پێنادرێت و بە گوێیان ناکرێت، بێگومان ئەمەش کارەساتێکی گەورەیە بەرۆکی خێزانەکانی گرتووە.

هۆکارەکانی لاوازبوونی پێگەی دایکان و باوکان زۆرن، هەندێکی پەیوەندی بە خودی خۆیانەوە هەیە، بەهۆی ئەوەی ناتوانن ڕۆڵی پێشەنگ و سەرمەشقی خێزان بگێرن و خۆیان خەریک دەکەن بەشتی لاوەکیەوە. هەندێجاریش پەیوەندی هەیە بە ناکۆکی نێوان خودی هاوسەران، کە بەهۆی ململانێی نێوان خۆیان سەر لە منداڵەکان دەشێوێنن و نمونەیەکی خراپ پێشکەش بە منداڵەکانیان دەکەن، کە زۆربەی کات منداڵەکان ناچارن لە نێوان دایک و باوک یەکێکیان هەڵبژێرن. هەندێکجاریش پەیوەندی هەیە بەوەی دایکان و باوکان کاتی پێویست تەرخان ناکەن بۆ منداڵەکانیان و پەروەردەکردنیان، بەتایبەتی ئەگەر هەردووکیان کار بکەن و لە دەرەوەی ماڵبن، ئەمەش وادەکات منداڵەکە کاتێکی کەم لەگەڵ دایک و باوکی بێت و کەمتر هەست بە گەورەیان بکات، بەمەش پێگەی ئەوانی لەلا وەک پێویست نابێت.

جیهانگیری و کۆمەڵگا و ڕاگەیاندن و تەکنەلۆجیاش بەشێکی زۆری بەرپرسیارەتی دەکەوێتە سەرشان، چونکە ئەمانەش زۆربەی کات ڕۆڵێکی نەرێنیان بینیوە لە ئاراستەکردنی ئەندامانی خێزان و لاوازکردنی پێگەی دایک و باوک.

ئاینی پیرۆزی ئیسلام گەورەترین پێگەی داوە بە دایک و باوک و بەرپرسیارێتییەکی گەورەشی خستونەتە سەرشان، کە بریتیە لە پەروەردەکردن و پێگەیاندنی ئەندامانی خێزان، هەروەها فەرمانی کردووە بە ئەندامانی خێزان کە رێزی تەواو لە دایکان و باوکانیان بگرن و بەهیچ جۆرێک نارەزایەتی بەرامبەریان دەرنەبڕن، وەک دەفەرموویت: ((وَقَضَى رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوا إِلَّا إِيَّاهُ وَبِالْوَالِدَيْنِ إِحْسَانًا إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِنْدَكَ الْكِبَرَ أَحَدُهُمَا أَوْ كِلَاهُمَا فَلَا تَقُلْ لَهُمَا أُفٍّ وَلَا تَنْهَرْهُمَا وَقُلْ لَهُمَا قَوْلًا كَرِيمًا (٢٣) وَاخْفِضْ لَهُمَا جَنَاحَ الذُّلِّ مِنَ الرَّحْمَةِ وَقُلْ رَبِّ ارْحَمْهُمَا كَمَا رَبَّيَانِي صَغِيرًا[٣٢])) . تەنانەت ئاینی پیرۆزی ئیسلام پێمان دەڵێت ئەگەر دایک و باوکت بێباوەڕیشبوون رێزیان لێبگرە و چاکبە لەگەڵیان، خۆ ئەگەر هەوڵی بێباوەرکردنیان دایت، بەگوێیان مەکە، بەڵام هەر باشبە لە گەڵیان: ((وَإِنْ جَاهَدَاكَ عَلَى أَنْ تُشْرِكَ بِي مَا لَيْسَ لَكَ بِهِ عِلْمٌ فَلَا تُطِعْهُمَا وَصَاحِبْهُمَا فِي الدُّنْيَا مَعْرُوفًا[٣٣])) . دەبێت پێگەی دایک و باوک پارێزراو بێت و گوفتاریان بیستراو بێت و فەرمانیان جێبەجێکراو بێت، چونکە ئەوان گەورەی خێزان و کۆڵەکەی بنەڕەتی و دروستکەری سەرەکی خێزانەکانن، بەبوونی پێگەیەکی بەهێزی دایک و باوک لە ناو خێزاندا ئەوە خێزانەکە پارێزراوتر دەبێت و دوورتر دەبێت لە ئاریشە.

## دووەم: گرنگینەدان بە پەروەردەکردنی منداڵ:

پەروەردە گەورەترین و گرنگترین پرۆسەی ناو خێزانە، یەکەم وێستگەی پەروەردەی منداڵ بریتیە لەناو خودی خێزان، منداڵ لە ناو خودی خێزانەکەیەوە بنەماکانی ژیان فێردەبێت و ئاشنا دەبێت بە جیهانی دەرەوەوە، ئەو شتانەی لەناو خێزان ڕوودەدەن کاریگەری گەورە بەسەر منداڵەوە جێدەهێڵن و، ڕەنگدانەوەیان دەبێت لەسەر هەڵوسوکەوت و ڕەفتاری رۆژانەی.

پرۆسەی پەروەردە پرۆسەیەکی درێژخایەنە و تاوەکو کۆتایی تەمەن لەگەڵ مرۆڤدا بەردەوام دەبێت، بەڵام گرنگترین وێستگەی پەروەردە بریتیە لە قۆناغی منداڵی و تازەپێگەیشتوویی، لەم قۆناغەشدا گەورەترین بەرپرسیاریەتی لەسەر شانی خێزانە بۆ پەروەردەکردنێکی راست و دروستی منداڵەکە لە هەموو لایەنەکانەوە، بەتایبەتی دایک و باوک زۆرترین ئەرکیان لەسەرە لە بواری پەروەردەکردنی منداڵەکانیان، چونکە ئەوان بەرپرسی یەکەمی منداڵەکەن و لەوانەوە منداڵ سەیری دونیا و دەوروبەر دەکات و فێری ژیانکردن دەبێت[٣٤].

بەداخەوە ئەوەی ئەمڕۆ دەگوزەرێت بریتیە لەوەی خێزانەکان و بەتایبەتیش دایک و باوک کەمترین کات بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکانیان تەرخاندەکەن، هەروەها کەمترین کات دادەنێن بۆ قسەکردن و گوێگرتن لە منداڵەکانیان و یاریکردن لەگەڵیان، کە بێگومان ئەمەش حاڵەتێکی ناتەندروستە و داهاتووی منداڵ و تازەپێگەشتووانمان دەخاتە ژێر هەرەشەیەکی گەورە و مەترسیدار. دەبێت دایکان و باوکان کاتی تایبەت تەرخان بکەن بۆ منداڵەکانیان و رۆڵەکانیان بۆ ئەوەی پەروەردەیان بکەن و فێریان بکەن و گوێیان لێبگرن و ڕێنمایان بکەن و نازیان هەڵبگرن. بەداخەوە زۆرێک لە دایک و باوکانی ئێستادا تەنها گرنگی بە تێرکردنی جەستەی منداڵەکانیان دەدەن لە ڕووی خواردن و خواردنەوە و جلوبەرگەوە، بەڵام هیچ گرنگیەک بە پەروەدەکردنیان نادەن، یاخوود بەهۆی سەرقاڵبوونیان بە دەوام و کاری رۆژانەیانەوە کەمترین کات منداڵەکانیان دەبینن و وەک پێویست کاتیان بۆ تەرخانناکەن و ناپەرژێنە سەریان، یاخوود بەشێکی زۆری دایکان و باوکان ئەو کاتانەی لە ماڵەوەشن گرنگی بە منداڵ و رۆڵەکانیان نادەن و خۆیان سەرقاڵ دەکەن بە ئینتەرنێت و تۆرە کۆمەڵایەتی و تیڤی و موبایلەوە، بەمەش هیچ کات نادەن بە پەروەردەکردنی منداڵەکانیان، بەڵکو زۆربەی کات بۆ بێدەنگکردن و دوورخستنەوە منداڵەکانیان تابلێت و هاند و ئایپاد و یاری ئەلیکترۆنیان بۆ دەکڕن بۆ ئەوەی بێدەنگیان بکەن و ئیسراحەتیان لێ تێک نەدەن، یاخوود دەیانخەنە ژوورێکەوە بەبێ گوێدانە ئەوەی ئەو منداڵە فێری چیدەبێت و خەریکی چییە، یاخوود دەیاننێرنە دەرەوەی ماڵ و بەردەرگاو کۆڵانەکان بەبێ ڕەچاوکردنی کاریگەری ئەمە لەسەر شێوازی پەروەردەبوونی منداڵ و رەفتار و هەڵسوکەوتەکانی لە داهاتوودا، بەشێکی زۆری تازەپێگەشتوو و گەنجان فێری دەیان کاری نەشیاو ڕەفتاری خراپ بوون بەهۆی گوێپێنەدانی دایکان و باوکان و لێنەپرسینەوەیان، بە دەیان گەنج تووشی لادان و تاوان بوون بەهۆی کەمتەرخەمی خێزان و دایک و باوکیانەوە، چونکە هیچ کاتیان بۆ تەرخاننەکردن و دایاننە دەست کۆمەڵگا و هاورێی خراپ، بەمەش گەنجەکان تووشی چەندان ئاریشە و گرفت و خووی خراپ و کاری ناپەسند بوون.

لێرەوە پێویستە دایکان و باوکان کاتێکی تەواو تەرخان بکەن بۆ پەروەردەکردن و فێرکردنی منداڵەکانیان و گوێگرتن لە نیاز و ڕازەکانیان و وەڵامدانەوەی پرسیارەکانیان، بۆ ئەوەی ئەو منداڵە واپەروەردە ببێت کە لە داهاتوودا ببێتە تاکێکی سوودبەخش و تەندروست لە ناو خێزان و کۆمەڵگادا.

ئاینی پیرۆزی ئیسلام پێویستی کردووە لەسەر دایکان و باوکان کە گرنگی بدەن بە منداڵ و ڕۆڵەکانیان و پەروەردەیان بکەن و فێریان بکەن، ئەمەش ئەرکی دایک و باوکە، بەتایبەتی دایکان ئەرکی هەرە مەزنیان بریتیە لە پەروەردەکردنی منداڵ و نەوەی داهاتوو، باوکیش بەهەمان شێوە، بەڵام باوک دەبێت لایەنی دارایی و دابینکردنی لایەنی ئاسایش و خۆراک و هەموو بوارەکانی تریش لە ئەستۆ بگرێت، تەنانەت ئاینی ئیسلام پێمان دەڵێت دەبێت کات تەرخان بکرێت بۆ یاری و گاڵتەوگەپکردن لەگەڵ منداڵەکان، باشترین نمونەش پەیامبەرمانە (د.خ) کە یاری لەگەڵ هەردوو نەوەکەی خۆی حەسەن و حوسەین کردووە، وەک لە فەرموودەکە جابیری کوری عبداللە دا هاتووە، دەفەرمووێت: (دخلت على النبي -صلى الله عليه وسلم- وهو يمشي على أربع وعلى ظهره الحسن والحسين -رضي الله عنهما- وهو يقول: نعم الجمل جملكما ونعم العدلان أنتما[٣٥]) . بۆیە پێویستە دایکان و باوکان لە هەموو ڕووەکانەوە گرنگی بە پەروەردەکردنی منداڵەکانیان

له لایەنی دەروونی و جەستەی و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و هتد ...بەدەن چونکە منداڵ و رۆڵەکانمان گەورەترین سەرمایەی داهاتوومانن ئەگەر بە جوانی و تەندروستی پەروەردەیان نەکەین لە داهاتوو تووشی ئاریشە و گرفتی گەورە دەبین.

سێیەم: زیادبوونی رێژەی جیابوونەوە و توندوتیژی لەناو خێزانەکان:

بەرزبوونەوەی رێژەی جیابوونەوە و زیادبوونی توندوتیژی لەناو خێزاندا گرفتێکی گەورەیە و هەرەشەیەکی مەترسیدارە، بەشێکی زۆری خێزانەکان لە ئێستا بەدەست ئەم ئاریشەیەوە دەناڵێنن، چەندان منداڵ و ئافرەت و پیاو بوونەتە قوربانی دەستی ئەم کارەساتە گەورەیە، داتاکانی جیابوونەوە و هەڵوەشانەوەی خێزان لە ئاستێکی زۆر مەترسیداردان، توندوتیژی لەناو خێزانەکان رۆژ بە رۆژ روو لە زیادبوونە، هەموو ئەمانەش مەترسی راستەقینە و ئاڵەنگاری گەورەن لە بەردەم خێزان و تاکەکانی ناو خێزان، بە سەدان منداڵ بە هۆی جیابوونەوەی دایک و باوکیان تووشی گرفت و مەینەتی و بێنازی و نەهامەتی و دابڕانی کۆمەڵایەتی و گرفتی دەروونی و هەژاری بوونەتەوە و بەشێکیشیان وازیان لە خوێندن هێناوە و ژیانێکی نالەبار بەرێدەکەن، بۆیە لە هەموو حاڵەتێکی جیابوونەوە قوربانی یەکەم تاکەکانی خێزانن[٣٦].

بەگوێرەی ئاماری دادگای پێداچوونەوەی هەرێمی کوردستان رێژەی جیابوونەوە لە پارێزگاری هەولێر لە ساڵی ٢٠١٧ (٢٩٧٥) حاڵەتبووە، هەروەها لە ساڵی ٢٠١٨ بووە بە (٣٥٩٨) حاڵەت، بەمەش (٦١٣) حاڵەت زیادیکردووە، هەر بەپێی هەمان ئامار لە ساڵی ٢٠١٧ لە سنووری پارێزگاری سلێمانی و دەوروبەریدا (١٣٦٠) حاڵەتی جیابوونەوە تۆمارکراوە، بەڵام لەساڵی ٢٠١٨ رێژەکە بەشێوەیەکی بەرچاو زیادیکردووە، رێژەکە بووە بە (٤٠٨٥) حاڵەت، بەمەش (٢٧٢٥) حاڵەت زیادیکردووە، هەروەها لە پارێزگای دهۆکیش لە ساڵی ٢٠١٧دا رێژەی جیابوونەوە (١٣٨٤) حاڵەتبووە، بەڵام لە ساڵی ٢٠١٨دا بووە بە (١٥٠٩) حاڵەت، بەمەش (١٢٥) حاڵەت زیادی کردووە[٣٧].

بەپێی ئامارێکی ئەنجومەنی باڵای دادوەری لە هەرێمی کوردستان لە ماوەی ساڵانی ٢٠٠٨، ٢٠١٧ لە هەرسێ پارێزگای هەولێر، سلێمانی، دهۆک، ٥٢ دووهەزار و ٩٤٦ حاڵەتی جیابوونەوە تۆمارکراون[٣٨] . ئەم ئامارانەی سەرەوە ئاماری مەترسیدارن و پێویستیان بە هەڵوەستەلەسەرکردنی تەواو هەیە، چونکە ئەم رێژەیە رێژەیەکی بەرزە و جێی مەترسییە.

هۆکارەکانی جیابوونەوەی هاوسەران هۆکاری جیاواز و فرە رەهەندن، هەر لەلایەنی کۆمەڵایەتی و قەیرانی دارایی و تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان و نەگونجانی هاوسەران و ناپاکی هاوسەری و هتد.. هەموو ئەمانەو و چەندانی تر هۆکارن بۆ زیادبوونی رێژەی جیابوونەوەی هاوسەران و هەڵوەشانەوەی خێزانەکان.

لەلایەکی ترەوە زۆربوونی توندوتیژی لەناو خێزانەکان یەکێکیترە لەو ئاڵەنگاریانەی رووبەرووی خێزانەکان بۆتەوە و بۆتە ئاریشە لەبەردەم خێزانەکاندا، بە گوێرەی ئامارەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەت و خێزان، نزیکەی (١٠٠٠) حاڵەتی سکاڵاکردن و توندوتیژی دژی ئافرەتان و خێزان لە پێنج مانگی سەرەتای ساڵی ٢٠١٩ تۆمارکراون لە کوردستاندا[٣٩].

مەبەست بە توندوتیژی بریتیە لە هەر جۆرە فشارێک، جەستەیی لەسەر لەشی مرۆڤ یان مەعنەوی لەسەر دەروونی مرۆڤ، پاشان لە جنێودان و سوکایەتی پێکردن و تاکو کوشتن و نەهێشتن، هەر هەمووی توندوتیژیە، بەڵام بەپلەی جیاواز و جیا[٤٠].

دیاردەی توندوتیژی خێزانی یەکێکە لەو دیاردە ترسناکانەی کەلەهەموو کۆمەڵگا و کەلتورە جیاوازەکاندا هەیە، هەروەها دەبێتە هۆی خراپی رەوشی خێزان لەرووی جەستەیی و خۆشەویستی و کۆمەڵایەتیەوە.

توندوتیژی بەرامبەر بە منداڵ لە کۆمەڵگەی کورستانیدا لە ئاستێکی بەرزدایە، بە لێکۆڵینەوەیەک کە ساڵی (٢٠٠٦) لە شارەکانی هەولێر و دهۆک ئەنجامدراوە، رێژەی ٩٥% ی باوکان بەشداربوو باوەڕیان بە بەکارهێنانی توندوتیژیە لە پەروەردەکردنی منداڵەکانیان[٤١]، هەروەها بەرێژەی ٨٣% ی بەشداربووان لە شاری هەولێر بڕوایان بە بەکارهێنانی توندوتیژیە لە پرۆسەی پەروەردەکردنی منداڵەکانیان . بێگومان ئەم رێژانە رێژەی بەرز و زۆر مەترسیدارن، چونکە بەکارهێنانی توندوتیژی و لێدان لە پرۆسەی پەروەردەی منداڵدا گرفت و ئاریشەی گەورە دروستدەکات، وەک لاوازبوونی کەسایەتی منداڵ و باوەڕبەخۆنەبوون و پەیوەندی کۆمەڵایەتی لاواز دەبێت و هەمیشە لە دڵەراوکێ و ترسدا دەژی.

بە هەمان شێوە توندوتیژی بەرامبەر بە ئافرەتانیش لە ئاستێکی بەرزدایە، بە گوێرەی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، بە بەراوردکردنی ئاستی توندوتیژی لە ماوەی نێوان (٢٠٠٨- ٢٠١٧) رەفتاری توندوتیژانە بەرێژەی ٥٣.٦% زیادیکردووە، ئەگەر بەراوردی ئاماری توندوتیژی ساڵی ٢٠١٦ و ٢٠١٧ بکەین، دەبینین رێژەی توندوتیژی بەرێژەی ٦٠.٧% زیادیکردووە[٤٢].

هەروەها جاری وا هەیە قوربانی دەستی توندوتیژیەکە پیاوانن، بەهۆکاری جیاواز و لەلایەن کەسانی جیاوازە لە ناوەوە و دەرەوەی خێزان پیاوان تووشی حاڵەتی توندوتیژی دەبنەوە، هەرچەندە رێژەکە بە بەراورد بە منداڵ و ژنان کەمترە، بەڵام بوونی هەیە و بە گوێرەی ئامارەکانی یەکێتی پیاوان، رێژەکان ساڵ بە ساڵ روو لە زیادبوونن[٤٣].

بێگومان توندوتیژی ئاریشەیەکی مەترسیدار و ئاڵەنگاریەکی گەورەیە لەناو خێزانەکاندا، ئیتر لەلایەن هەر تاکێکی خێزانەوە بێت، بۆیە پێویستی بە چارەسەر هەیە، بڵاوبوونەوەی توندوتیژی لەناو خێزاندا هۆکارێکی سەرەکی هەڵوەشانەوەی خێزان و لاساربوون و لادانی منداڵە، هەروەها توندوتیژی هیچ کات چارەسەر نیە، بۆیە دەبێت بیر لە گفتوگۆ و ڕێگەی تر بکرێتەوە بۆ چارەسەرکردنی ئاریشە و گرفتەکان.

ئاینی پیرۆزی ئیسلام بە هەموو شێوەیەک دژایەتی توندوتیژی کردووە و هانی مرۆڤەکاندەدات لەسەر پاراستنی مافی بەرامبەر و پێشێل نەکردنی، هەروەها تایبەت بە هاوسەرانیش جەختی لەسەر پەیوەستبوون بە ئەرک و مافەکانی یەکتر کردۆتەوە، گرێبەستی هاوسەرگیریشی بە گرێبەستێکی گەورە ناوبردووە و دوای پاراستنی کردووە، داوای لە هاوسەران کردووە بە جوانی و ڕێکی لەگەڵ یەکتری بژین، بەتایبەتی داوای لە پیاوان کردووە، کە باش ڕەفتار و هەڵسوکەوت لەگەڵ هاوسەرەکانیان بکەن، فەرموویەتی: ﴿وَعَاشِرُوهُنَّ بِالْمَعْرُوفِ[٤٤]﴾ . هەروەها پێغەمبەر خۆی فەرموویەتی: (خیرکم خیرکم لأهله، وأنا خیرکم لأهلي[٤٥]) . ئەمەش سەلمێنەری ئەوەیە کە ئاینی پیرۆزی ئیسلام دژی توندوتیژیە لە ناو خێزاندا.

## چوارەم: بەکارهێنانی زیاد لە پێویستی ئامرازەکانی پەیوەندی و گەیاندن:

شۆرشی تەکنەلۆجی لەگەڵ ئەوەی وەرچەرخانێکی گەورەی کرد لە ژیانی مرۆڤدا و ئاسۆکانی بەردەمی فراوانتر کرد و ژیانی بەجۆرێک لە جۆرەکان ئاسانکرد و جیهانی کرد بەگوندێکی بچووک، سەرەڕای ئەو هەموو سوود و ئاسانکاریە تەکنەلۆجییەی کە کردی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ژیانی مرۆڤی جەنجاڵ کرد و تاکەکانی ناو خێزان و کۆمەڵگەی لەیەک دوورخستنەوە، خراپ بەکارهێنانی تەکنەلۆجی و هێڵەکانی پەیوەندی و گەیاندن، یەکێکن لە مەترسیە گەورەکان بۆ سەر تاک و کۆمەڵ و خێزان، لە ئێستادا خێزانەکان بەگشتی و دایکان و باوکان بەتایبەتی لەبەردەم ئاڵەنگاریەکی تەواو گەورەدان، ئەویش بریتیە لە بڵاوبوونەوەی ئامرازەکانی پەیوەندی و گەیاندن و بەکارهێنانی زیاد لە پێویستی لەلایەن بەشی زۆری ئەندامانی خێزانەوە، بە جۆرێک لە زۆربەی کاتەکاندا تاکەکان ئالوودەی بەکارهێنانی ئەو ئامرازانە دەبن، ئیتر چ تیڤیەکان بێت، یاخوود ئینتەرنێت و تۆڕە کۆمەڵاتیەکان بێت، یاخوود یاریە ئەلیکترۆنیەکان و هتد.. بێت، هەموو ئەمانە بوونەتە ئاریشە و گرفتی ڕاستەقینە لە ناو زۆربەی خێزانەکاندا، کاریگەری خستۆتەسەر پەیوەندییەکانی نێوان ئەندامانی خێزان و ساردی و بێئاگایی لە یەکتری بەرهەمهێنانەوە، وایکردووە کە ئەندامانی خێزان کەمترین کات بەیەکەوە دانیشن و گفتوگۆ بکەن و گوێ لەیەکبگرن، هەروەها کاریگەری کردۆتەسەر پەیوەندی نێوان خودی ژن و مێردیش، بەجۆرێک زۆرێک لە کەیسەکانی جیابوونەوەی هاوسەران و خیانەتی هاوسەری بەهۆی خراپ بەکارهێنانی ئەو ئامێر و ئامرازانەی پەیوەندییەوە ڕوودەدەن، بەدەر لەوەی لە ڕێگەی سۆشیاڵ میدیاوە بە دەیان مێردمنداڵ و گەنج تووشی کێشەو گرفتبوونەتەوە، لەلایەنی دەروونی و کۆمەڵایەتی و سۆزداری.

لەلایەکیترەوە ئەم ئامرازانەی پەیوەندی و گەیاندن و یاریە ئەیکترۆنیانە گەورەترین زەرەریان لەپرۆسەی خوێندن داوە، بەشێکی زۆری قوتابیان بەهۆی خووگرتن بەو شتانەوە تووشی دابڕان و تەمبەڵی و کەوتن بوونەتەوە لە قوتابخانەدا.

ئالودەبوون بە ئینتەرنێت و ئامڕازەکانی تری گەیاندن شیرازەی خێزان تێکدەدات و هەریەکێک لە هاوسەرەکان نابێت چاوەڕێ بکات ئەوەی تر لێگەڕێت چی دەکات بیکات هەروەک ئالودەبوون بە ماددەی هۆشبەر کە خێزان هەوڵدەدات کەسی ئالودەبوو لە ئالودەبوونەکە دوور بخاتەوە و ڕێگەچارەیەکی بۆ بدۆزێتەوە.

ئالودەبوون بە ئینتەرنێت و پەیوەندیەکانی دەرەوەی خێزان لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکان دەتوانێت بەتێپەڕینی کات ژیانی هاوبەشی خێزانەکان لەناو ببات.

بەشێوەیەکی گشتی ئەگەر کەسێک هاوڕێیەتییەکی سادەی هەبێت، ئەم بابەتە بۆ هاوسەرەکەی دەبێتە هۆکاری هەستیاری، بەتایبەتی لەو کاتانەدا کە هاوسەرێکیان زیاد لە پێویست گرنگی بە گفتوگۆ لە تۆڕە کۆمەڵایەتیەکاندا بدات و کاتێکی زۆر بۆ ئەوە دیاری بکات.

جۆرەکانی ئالودەبوون بە ئینتەرنێت

١. یاریە ئینتەرنێتیەکان: بەشیوەیەکی گشتی ٧٠% ئالودەبوون بە ئینتەرنێت لە ڕێگەی یاریە ئۆنلاینەکانەوەیە.
٢. ئالودەبوون بە پەیوەندیە ئینتەرنێتیەکان: چات و گفتوگۆی ئینتەرنێتی کە دەبنە جێگرەوەی پەیوەندییە خێزانی و هاوڕێیەتیەکان لە ژیانی کۆمەڵایەتیدا. یان ئالودەبووەکان لە ئینەرنێتدا بەردەوام بە دوای ناوی خۆیاندا دەگەڕێن یان دەیانەوێت بزانن چەند کەس سەردانی ئەکاونتە تایبەتیەکەی ئەویان کردووە و بە هۆی کەمبوونەوەی سەردانکەران تووشی جۆرێک دڵەڕاوکێ دەبن. هەروەها بە بۆچوونی توێژەروان ژمارەیەک لە ئالودەبووەکان نهێنیە تایبەتیەکانیان لە ئینتەرنێتدا بڵاو دەکەنەوە.
٣. سەردانی سایتە سێکسیەکان: لەم دۆخەدا بەکارهێنەر بەردەوام بە دوای وێنە و گرتەی ڤیدیۆیی سێکسیدا دەگەڕێت.
٤. ئالودەبوون بە کۆکردنەوەی زانیاری: لەمجۆرەی ئالودەبووندا تاک (بەکارهێنەر) سەرقاڵی کۆکردنەوەی زانیاریە و زۆر بە دوای زانیاریدا دەگەڕێت.

لەم ڕۆژگارەدا لەڕێگەی تۆڕی ئینتەرنێتەوە هەموو کەسێك دەتوانێت بێ سانسۆر هەرچی دەخوازێت لە بابەت، وێنە، فیلم، دەستی بکەوێت. بۆیە دەبێت خێزان خۆی ڕۆڵی ئەو سانسۆرە ببینێت لەم بوارەدا. هەرزەکاران و گەنجان ئەگەری تووشبوونیان زۆرە بەتایبەتی گیرۆدەبوون بە ئینتەرنێتەوە، چونکە

بێئەندازە سەرنج ڕاکێشە و وەڵامی بۆ خولیا و خەونەکانی ئەوان پێیە، ئەمڕۆ لەبازاڕەکانی کوردستاندا چەندین سەنتەر کراونەتەوە کە گەنجان و هەرزەکاران ڕووی تێدەکەن بۆ ئەوەی بچنە ئەو دنیایەی وەڵامی خواستەکانی ئەوانی پێیە، بۆ هەر کاژێرێك دوو هەزار دیناریان لێوەردەگیرێت، واتە ئەگەر خێزان کۆمپیوتەر و هێڵی ئینتەرنێتیشیان بۆ دابین نەکەن ئەوا لەدەرەوە بەسانایی دەستیان دەکەوێت. هەرزەکاران و گەنجان بەشێکی زۆر لەکاتەکانیان بەدیار (چات) کردنەوە بەسەر دەبەن کە کەناڵێکی پەیوەندییە، هەروەها دەگەڕێن بەناو سایتە سێکسییەکاندا، بێئەوەی بەخۆیان بزانن چەندین کاژێر لەکاتیان بەفیڕۆ دەچێت لەم بوارەدا. زۆر بەکارهێنانی ئینتەرنێت جگە لەوەی ئەگەری تووشبوون بە ڕەفتاری ئالوودەبوون دروستدەکات، لەهەمان کاتدا ئەگەری تووشبوون بە پەشێوی دەروونی زیاد دەکات و دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی کاژێرەکانی نووستن و دواکەوتن لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی سەرشانی تاک. هەندێ جار خێزان لە بێئاگایی خۆی کۆمپیوتەر و هێڵی ئینتەرنێتی دابین کردووە بۆ کوڕ یان کچە هەرزەکارەکەی و ژووریشی بۆ جیاکردۆتەوە، ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە کە دایکان و باوکان تێیدەکەون، ڕاستە ئەمڕۆ بۆ مەبەستی زانیاری و خۆ پەروەردەکردن دەکرێت سوودی زۆر ببینرێت لەئینتەرنێت بەڵام نابێت بەو شێوازە هەڵانە مامەڵە بکرێت.

ڕێنماییەکان لەم بوارەدا:

١. کۆمپیوتەر و هێڵی ئینتەرنێت دەبێت لەشوێنی دانیشتنی گشتی خێزاندا دابنرێت نەك لەژووری تایبەتی کچ و کوڕە هەرزەکارەکانماندا.
٢. دەبێت خێزان چاودێری ئەو سایتانە بکات کە هەرزەکارەکانیان بەرخوردیان لەگەڵدا دەکەن و گەڕانی بۆ دەکەن.
٣. دەبێت خێزان چاودێری پەیوەندییە ئەلەکترۆنییەکانی ڕۆڵەکانی بێت، چونکە هەندێ جار دەنگ تۆمار دەکرێت و وێنە و زانیارییەکانی ناو کۆمپیوتەر دەدزرێت دواتر وەك چەکێك بەکاردەهێنرێت بۆ سەپاندنی خواستی کەسی بەرامبەر، ئەگەری ئەوە دەبێت لەڕێی پەیوەندییە ئەلەکترۆنییەکانەوە کچ و کوڕی هەرزەکار بکەونە ژێر کاریگەری کەسانی بەدڕەوشت و بەلاڕێ و هەڵەیاندا بەرن.
٤. دەبێت کات دیاری بکرێت بۆ چوونە سەر کۆمپیوتەر و بەکارهێنانی مۆبایل و ئایپاد و هتد..
٥. ئەو کەسانەی بەرامبەر شاشەی کۆمپیوتەر دادەنیشن دەبێت بەچەند خولەکێك بۆ ماوەی چەند چرکەیەك چاویان لابەن لەسەر شاشەکە و سەیری خاڵێکی دوور بکەن لە ژوورەکەیاندا، بۆ پاراستنی چاویان.
٦. هەرزەکاران تووشی نامۆبوون و گۆشەگیری دەبن بەهۆی زۆر بەکارهێنانی ئینتەرنێتەوە، بۆیە دەبێت خێزان هانیان بدات بۆ تێکەڵبوون و سەرقاڵیان بکەن بە چالاکی بەرهەمدارەوە.
٧. دەبێت خێزان زوو زوو هۆشیاری بداتە ڕۆڵەکانی خۆی لەخراپ بەکارهێنانی ئەم ئامێرانە و جەخت لە سەر لایەنە باشەکانی بکاتەوە[٤٦].

## دەرەنجام

لە کۆتایدا توێژینەوە گەیشتە کۆمەڵێک دەرەنجام و ڕاسپاردە، ئەمانەی لای خوارەوە گرنگترینیانن

١. خێزان گەورەترین مەڵبەند و قوتابخانەی پێگەیاندنی تاکە بۆ ناو کۆمەڵگە، بۆیە دەبێت زۆرترین گرنگی و بایەخ بە خێزان بدرێت لە ناو کۆمەڵگەدا.
٢. لە ئێستادا خێزانەکان گیرۆدەی چەندان ئاریشە و گرفت بوونەتەوە و شیرازەی خێزان لە جیهاندا لە بەردەم مەترسی ڕاستەقینە دایە و دەبێت ئەم بابەتە بە هەند وەربگیرێت و فەرامۆش نەکرێت.
٣. خێزان لە کۆمەڵگەی کوردیدا ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لە پێگەیاندنی تاکی باش و پەروەردەکردنی بەشێوەیەکی تەندروست لە هەموو قۆناغەکاندا.
٤. لە کۆمەڵگەی کوردی لە ئێستادا خێزان لە بەردەم کۆمەڵێک ئاڵەنگاری گەورە دایە، ئاڵەنگارییەکان تەنها پەیوەست نین بە خودی خێزانەکانەوە، بەڵکو بەشێک لەو ئاڵەنگارییانە ڕەهەندی جیهانی و هەرێمییان هەیە.
٥. جیهانگیری و ڕاگەیاندن و تۆڕەکانی ئینتەرنێت و دابڕانی کولتوری و شاڵاوی هزری و ڕۆشنبیری و بێبایەخکردنی ئاین بریتین لە گرنگترین ئەو ئاڵەنگاریە جیهانیانەی ڕوویانکردۆتە خێزان.
٦. کەم و کورتی لە سیستەمی پەروەدە و زۆربوونی تاوان و بەرزبوونەوەی ڕێژەی قەیرەیی و سستبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان، ئەمانەش کۆمەڵێک ئاڵەنگاریی ناو کۆمەڵگان بەرۆکی خێزانییان گرتووە.
٧. لاوازبوونی ڕۆڵی دایک و باوک لە ناو خێزان و زیادبوونی ڕێژەی توندوتیژی خێزانی و لەناوچوونی شیرازەی پتەوی خێزان.

٨. بەهۆی خراپ بە کارهێنانی ئامێرەکانی پەیوەندی، بەشێکی زۆری خێزانەکان تووشی گرفت و کێشە بوونەتەوە.

## ڕاسپاردەکان

١. گرنگیدانی زیاتر بە پەروەردەکردنی منداڵ، بەجۆرێک گونجاوبێت لەگەڵ ڕۆژگار و پێشهاتەکانی ئەم سەردەم.
٢. گرنگیدان بە کەرتی پەروەردە و ڕێکخستنەوەی پرۆگرامەکانی خوێندن بە شێوازێکی گونجاو لە گەڵ ئاست و تێگەیشتنی قوتابی.
٣. پەیوەستکردن دەزگاکانی ڕاگەیاندن بە نمایشنەکردنی هەموو ئەو فیلم و زنجیرە دۆبلاژکراوانەی کاریگەری نەرێنی لەسەر خێزان و تاکەکان بەجێدێڵن.

## لیستی سەرچاوەکان


- یەکەم: سەرچاوە عەرەبییەکان

١. أحمد بن حنبل، مسند أحمد بن حنبل، تحقيق: شعيب الأرناؤوط وآخرون، مؤسسة الرسالة، بيروت، ط٢، ١٩٩٩م.
٢. إلهام بنت فريج بن سعيد، أثر استخدام الإنترنيت على العلاقات الأسرية بين أفراد الأسرة السعودية في جدة، رسالة ماجستير/ عام (٢٠٠٤).
٣. البخاري، محمد بن اسماعيل بن ابراهيم، الجامع المسند الصحيح المختصر من أمور رسول الله -صلى الله عليه وسلم- وسننه وأيامه، تحقيق: محمد زهير بن ناصر، دار الطوق النجاة، ط١، ١٤٢٢هـ.
٤. الترمذي، محمد بن عيسى، سنن الترمذي، تحقيق: بشار عواد معروف، دار الغرب الإسلامي، بيروت، ١٩٩٨م.
٥. جابر نصرالدين – لوكيا الهاشمي، مفاهيم أساسية في علم النفس الإجتماعي، دار الهدى- الجزائر، ٢٠٠٦.
٦. د. حياة غيات، ظاهره العنوسة وتداعياتها النفسية والإجتماعية، مجلة العلوم الإنسانية والإجتماعية- جامعة وهران، العدد ٢٧/ ديسمبر ٢٠١٦. د. فاتيمه عبدالرحمن عبدالله، مهددات الأسرة المعاصرة -وجهة اسلامية في التكوين والعلائق والآثار التربوية-مركز دراسات المجتمع- سودان، ط١، ٢٠٠٥.
٧. د. عيد بن حجيج الجهني، أثر العولمة الثقافية في تربية الأولاد، مجلة الجامعة الإسلامية، العدد ١٣٨.
٨. د. فاكر محمد الغرايبه، التأثيرات النفسية النفسية والإجتماعية للطلاق على الأطفال، مجلة جامعة الشارقة للعلوم الإنسانية والإجتماعية، عدد/٢، يونيو ٢٠١٢م.
٩. د. مصطفى الخن – د. مصطفى البغا - علي الشربجي، الفقه المنهجي على مذهب الإمام الشافعي، دار القلم- دمشق، ط ٤، ١٩٩٢.
١٠. رمزي أحمد عبدالحي، علم الإجتماع التربوي، مؤسسة الوراق للنشر والتوزيع، عمان- ٢٠١١.
١١. علي جريشة – د. محمد الزيبق، أساليب الغزو الفكري للعالم الإسلامي، دار الإعتصام - القاهرة، ط ٢، ١٩٧٨.
١٢. عبدالله زنجير، مع واقعنا الإعلامي، مجلة منار الإسلام، عدد فبراير ١٩٩٩.
١٣. مسلم بن الحجاج القشيري، المسند الصحيح المختصر بنقل العدل عن العدل إلى رسول الله -صلى الله عليه وسلم-، دار الجيل، بيروت، ١٣٣٤هـ.
١٤. محمد مختار، الأسرة في الاسلام والغرب، مجلة النبأ، العدد: ٦٤، كانون ٢٠٠١.
١٥. محمد هلال الصادق هلال، أثر الغزو الفكري على الأسرة المسلمة وكيفية مقاومته، رسالة ماجستير، جامعة الأزهر- كلية أصول الدين، عام ٢٠٠٠.
١٦. هاجر حمبلي – لطيفة بغيل، العنف في التلفزيون وتأثيره على سلوك الطفل –رسالة ماجستير، جامعة العربي بن مهيدي، عام (٢٠١٥-٢٠١٦).
١٧. الهيثمي، نورالدين علي بن ابي بكر، مجمع الزوائد ومنبع الفوائد، دار الفكر، بيروت، ١٤١٢هـ.

- دووەم: سەرچاوە کوردییەکان

١. ئا. مکارنکو، پەروەردە و پێگەیاندنی منداڵ، وەرگێڕانی: مستەفا غفور، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم ٢٠٠٥.
٢. توانا فریدون حسێن، کاریگەری ئامرازەکانی گەیاندن لەسەر پەیوەندییە خێزانییەکان توێژینەوەیەکی سۆسیۆلۆجی مەیدانییە لەناو شاری سلێمانی، گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆی، ژمارە ٣ی ئابی ٢٠١٦.
٣. محمد عبدوڵڵا کەلاری، جیهانگیری میدیا، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٩.

- سێیەم: سایتە ئەلیکترۆنیەکان

1) www.basnews.com.
2) https.xelk.org
3) www.bgtakrg.org
4) http://www.karwanit.com
5) www.rudaw.net
6) www.xendan.org


پەراوێزەکان:

١- د. فاتيمه عبدالرحمن عبدالله، مهددات الأسرة المعاصرة -وجهة اسلامية في التكوين والعلائق والآثار التربوية-مركز دراسات المجتمع- سودان، ط١، ٢٠٠٥، لا ٢٣ .

٢- محمد مختار، الأسرة في الاسلام والغرب، مجلة النبأ، العدد: ٦٤، كانون ٢٠٠١.

٣- جابر نصرالدين – لوكيا الهاشمى، مفاهيم أساسية في علم النفس الإجتماعى، دار الهدى- الجزائر، ٢٠٠٦، لا ٤٥ .

٤- رمزى أحمد عبدالحى، علم الإجتماع التربوى، مؤسسة الوراق للنشر والتوزيع، عمان- ٢٠١١، لا ١٧٠.

٥سورة النساء: ١ .

٦- سورة الروم: ٢١.

٧- رواه البخاري، كتاب النكاح، باب: الترغيب في النكاح، برقم: ٤٧٧٩. ومسلم في كتاب النكاح، برقم: ١٤٠٠.

٨- د. على جريشة – د. محمد الزبيق، أساليب الغزو الفكرى للعالم الإسلامى، دار الإعتصام - القاهرة، ط ٢، ١٩٧٨، لا ٥٨ .

٩- محمد هلال الصادق هلال، أثر الغزو الفكرى على الأسرة المسلمة وكيفية مقاومته، رسالة ماجستير، جامعة الأزهر- كلية أصول الدين، عام ٢٠٠٠، لا ٣٣ .

١٠- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ١٣٩.

١١- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ١٣٩ .

١٢- محمد عبدوڵلا کەلاری، جیهانگیری میدیا، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، ٢٠٠٩، لا ٢١٠ .

١٣- عبدالله زنجير، مع واقعنا الإعلامى، مجلة منار الإسلام، عدد فبراير ١٩٩٩، لا ٩٨.

١٤- محمد عبدوڵلا کەلاری، جیهانگیری میدیا، لا ١٤٥ .

١٥- هاجر حمبلى – لطيفة بغيل، العنف في التلفزيون وتأثيره على سلوك الطفل –رسالة ماجستير، جامعة العربى بن مهيدى، عام (٢٠١٥-٢٠١٦)-، لا ٥٠ .

١٦- إلهام بنت فريج بن سعيد، أثر استخدام الإنترنيت على العلاقات الأسرية بين أفراد الأسرة السعودية في جدة، رسالة ماجستير/ عام (٢٠٠٤) لا ٧٩ .

١٧- توانا فریدون حسێن، کاریگەری ئامرازەکانی گەیاندن لەسەر پەیوەندییە خێزانییەکان توێژینەوەیەکی سۆسیۆلۆجی مەیدانییە لەناو شاری سلێمانی، گۆڤاری زانکۆی گەشەپێدانی مرۆی، ژمارە ٣ی ئابی ٢٠١٦، ب٢/ لا ٣٧٣-٣٧٤ .

١٨- بوخاری و موسلیم گێڕاویانەتەوە.

١٩- سورة الإسراء: ٧٠ .

٢٠- سایتی خەندان، http://www.xendan.org، وتارێکی بەرێز: لەشکر قادر رەسوڵ، ٢٤/١/ ٢٠١٩.

٢١- سوره الأحزاب: ٢١.

٢٢- سورة محمد: ٢٢ .

٢٣- رواه أحمد بن حنبل في مسنده عن عائشة- رضى الله عنها-، برقم: (٢٥٢٥٩) .

٢٤- الدكتور مصطفى الخن - الدكتور مصطفى البغا - علي الشربجي، الفقه المنهجى على مذهب الإمام الشافعي، دار القلم- دمشق، ط ٤، ١٩٩٢، ج ٣/ ٨٤.

٢٥- د. حياة غيات، ظاهره العنوسة وتداعياتها النفسية والإجتماعية، مجلة العلوم الإنسانية والإجتماعية- جامعة وهران، العدد ٢٧/ ديسمبر ٢٠١٦، لا ٢٠٩.

٢٦- هەمان سەرچاوەی پێشوو/ لا ٢٠٩ - ٢١٠ .

٢٧- پۆرتاڵی تۆری میدیای روداو- بەشی عەرەبی، www.rudaw.netلە بەرواری ٤/٤/ ٢٠١٧.
٢٨- د. حياة غيات، ظاهره العنوسة وتداعياتها النفسية والإجتماعية، مجلة العلوم الإنسانية والإجتماعية- جامعة وهران، العدد ٢٧/ ديسمبر ٢٠١٦، لا ٢١٨ .

٢٩- بوخاری و موسلیم گێراویانەتەوە.
٣٠- سورة الروم: ٢١.
٣١- رواه البخاري، كتاب النكاح، باب: الترغيب في النكاح، برقم: ٤٧٧٩. ومسلم في كتاب النكاح، برقم: ١٤٠٠.
٣٢-سورة الإسراء: ٢٣-٢٤.
٣٣- سورة لقمان: ١٥.
٣٤- ئا، مکارنکو، پەروەردە و پێگەیاندنی منداڵ، وەرگێرانی: مستەفا غفور، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم ٢٠٠٥، لا ١٧.
٣٥- رواه الهيثمي في المجمع الزوائد، برقم: ١٥٠٧٩. وقال الهيثمي رواه الطبراني وفيه مسروح أبو شهاب وهو ضعيف .
٣٦- د. فاكر محمد الغرايبه، التأثيرات النفسية النفسية والإجتماعية للطلاق على الأطفال، مجلة جامعة الشارقة للعلوم الإنسانية والإجتماعية، عدد/٢، يونيو ٢٠١٢م، لا ١١٣- ١١٤.
٣٧- www.basnews.com. لە بەرواری ٢٠١٩/٢/٢٢ بڵاوکراوەتەوە .
٣٨- https.xelk.org. لە بەرواری ٢٠١٨/١٢/٤ بڵاوکراوەتەوە .
٣٩- سایتی فەرمی ب.گ/ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی ئافرەتان و خێزان، www.bgtakrg.orgلە بەرواری ٢٦ی حوزەیرانی ٢٠١٩ .
٤٠- عەبدوڵلا عەبدولرەحمان، توندوتیژی خێزانی تێروانین و چارەسەر، چاپخانەی ماردین- هەولێر، چاپی ٢، ٢٠١٣، لا ٢٩.
٤١- هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا ٣١ .
٤٢- سایتی فەرمی ب.گ/ بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی ئافرەتان و خێزان، www.bgtakrg.org٢٦/١١ /٢٠١٨ .
٤٣- عەبدوڵلا عەبدولرەحمان، توندوتیژی خێزانی تێروانین و چارەسەر، لا ٣٥.
٤٤- النساء: ١٩ .
٤٥- رواه الترمذى فى سننه، باب فضل أزواج النبى – صلى الله عليه وسلم-، برقم: (٣٨٩٥) .
٤٦- سامان سیوەیلی، ئامێرەکانی تەکنۆلۆژیا و خراپ بەکارهێنانیان و ڕێنمایی پێویست، لە ماڵپەری: http://www.karwanit.com لە ١٩ی ئابی ٢٠١٥ بڵاوکراوەتەوە.